فەرید ئەسەسەرد

# چەمکی
# "بیرۆکەی دەوڵەت" لەجوگرافیای سیاسیدا

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٢

فەرید ئەسەسەرد

چەمکی "بیرۆکەی دەوڵەت" لەجوگرافیای سیاسیدا

سلێمانی ٢٠٠٢

زنجیرەی کتێبی بیر: (٣)

ژمارەی سپاردن: (          )ی ساڵی ٢٠٠٢

دەوڵەت لەخۆیەوەو بەخۆڕایی دانامەزرێ‌و لەگەوهەردا ئامانجێك، ئارەزویەك، ویستێك، بەرژەوەندییەك یان چەردە بەهایەك بەرجەستە دەكا. سەرجەمی ئەو توخمانە ئەو ئاواتانە پێكدێنن كە كۆمەڵ هەوڵی بەدەست هێنانیان دەداو دەشێ بخرێنە خانەی ئەوەی پێی دەوترێ پاساوی پێكهاتنی دەوڵەت. لەم ڕوانگەیەوە، مەسەلەكە مەسەلەی دامەزراندنی چەند پێكهاتەیەكی رێكخراو بۆ هەڵسوڕاندنی كۆمەڵ نییە، بەڵكو مەسەلەی مەبەست لەدامەزراندنی ئەو پێكهاتە رێكخراوانەیە. مەسەلەیەك كە لەم بوارەدا بایەخی هەیە، مەسەلەی مسۆگەركردنی بەردەوامبونی خودی پێكهاتەكانە. لەم سەروبەندەدا پێوەری یەكجارەكیی پتەوی تۆكمەیی‌ی پێكهاتە دامەزراوەكان رادەی بەردەوامبونی پێكهاتەكانە. لەسەرەنجام دا، كاروباری رێكخستنی كۆمەڵایەتی‌و دانانی بەشێوەیەك كە لەگەڵ پێداویستییە ماددی‌و بەها وێژەیی‌یەكاندا بگونجێ‌و بەردەوامبونیشی مسۆگەر بێ، پێویست بەبونی بەرچاو رونی‌یەك سەبارەت بەپاساوی دامەزراندنی پێكهاتە سیاسییەكان دەكا. لەم چوارچێوەیەدا، بەپێی بۆچونی هارتشۆرن، دەوڵەت بۆ ئەوەی لەیەكپارچەیی‌ی خۆی دڵنیا بێ‌و پایەداری‌و پتەوی‌ی خۆی بپارێزێ، دەبێ لەسەر بیرۆكەیەكی رون‌و ئاشكرا دامەزرا بێ‌و بۆ دەستەبەركردنی مانەوەی وەك یەكەیەكی ئیقلیمی‌ی جیا لەیەكە ئیقلیمی‌یەكانی تر پاساو و پاكانەی خۆی هەبێ[1].

پاساوی دامەزراندنی دەوڵەت پێویست بەبەرجەستەكردنی بەرژەوەندی‌و ئارەزوەكانی دانیشتوان دەكاو لەم روانگەیەوە پاساوەكە بەوەی كە دەرهاوێشتەی سەرەنجامەكانی قۆناغێكی دیاریكراو دەبێ، بەرگێكی مێژویی لەخۆوە دەپێچێ. بەم پێیە، دەوڵەت دەبێ بە بەرجەستەكاری بەها بنچینەیی‌یەكانیش كە لەئاین، مەزەب، زمان، كەلتور، كەلەپورو ئەزمونی مێژویی پێكدێن. دەستگیربون لەو مەرجانە شەرعیەتێكی پتەو بۆ بەردەوام بونی پێكهاتە سیاسییەكان دەستەبەر دەكاو ئەمە خۆی لەخۆیدا رێوشوێنێكی كاریگەری بۆ مسۆگەركردنی دڵسۆزی‌ی دانیشتوان بۆ دەوڵەت‌و سیستمە سیاسییەكەی لێ دەكەوێتەوە.

لەراستیدا پاساوی بونی دەوڵەت رەنگدانەوەی پێداویستی‌ی ماددی‌و نامادد‌ی‌یەو بەم پێیە، جیا لەپێداویستییە ماددی‌یەكان، دەشێ پاساوەكە رەنگدانەوەی رێبازێكی سیاسی بێ یان كۆمەڵایەتی یان ئابوری. لێرەدا بایەخی ئایدیۆلۆژیا

لەهەندێ نمونەی دەوڵەتدا دەردەکەوێ چونکە ئایدیۆلۆژیا وەك ئامرازێك بۆ بەرفراوان کردنی پەراوێزی ئاسایش رۆڵی خۆی دەبینێو بەم پێوانەیە، دەوڵەتانی فرە نەتەوە، فرە زمان، فرە کەلتور، فرە ئاستی شارستانیو فرە هەرێمی جوگرافیایی، زۆربەی جار بۆ کەم کردنەوەی تینو تاوی جیاوازییەکان بانگەشە بۆ فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتی لەژێر چەتری یەکسانی، سۆسیالیزم، برایەتی، هاودینی، نەتەوایەتیو هاوڕەگی دەکەن. بۆ دەوڵەت زۆر گرنگە پاکانەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە لەسایەیدا هەمو گروپو رەگەزە جیاوازەکان کە هەر یەکێکیان کەلتورو نەریتو بەهای خۆی هەیە، کۆ ببنەوە. هەوڵی دەوڵەت بۆ پاراستنی قەوارە سیاسییەکەی بەبێ دڵنیابوونی دانیشتوان لەپایەداریی پاکانەی بونی دەوڵەت، سەرناگرێ. ئاوڕدانەوە لەهەوڵی دەوڵەتان بۆ رێگرتن لەداهێزرانی پێکهاتە سیاسییەکان، دەری دەخات کە ئەم هەوڵە لەهەمان کاتدا کۆششە بۆ بەزیندویی هێشتنەوەی بەها باڵاکانیان. بەم پێیە، سوربونی هەندێ دەوڵەت بەشێوەیەکی نائاسایی لەسەر فاکتەری ئایدیۆلۆژیا، بەو جۆرەی کە لەنمونەکانی یەکێتیی سۆڤێتی کۆن، ئیسرائیل، پاکستانو ئێران دا دەردەکەوێ، لەگەوهەردا هەوڵێکی جددییە بۆ سەقامگیرکردنی بنەماو پاساوی وێژەییی دەوڵەت لەڕێی پتەوکردنی هۆکارەکانی یەکگرتنی ناوخۆییو خامۆش کردنی فاکتەرەکانی لێك دابڕانو هەڵوەشانەوەو لێك دورکەوتنەوە. بەم پێوانەیە، ئایدیۆلۆژیا لەهەلومەرجی ئاوادا وەك فاکتەری گرێدانو بەستنەوە خۆی دەنوێنێ. هەندێ جار دەوڵەت بەوە داناکەوێ کە ئایدیۆلۆژیای خۆی لەناوخۆدا بچەسپێنێ، بەڵکو بەهەمو شێوەیەك لەدەرەوەش هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەداو ئەمە بەبەشێك لەهەوڵەکانی خۆپاراستن دادەنێ[٢].

ناوخۆی هەر دەوڵەتێك دو کۆمەڵە هێزو فاکتەری تێدایە کەهەر یەکێکیان دەوڵەت بەلایەکدا، بەپێچەوانەی لاکەی تر، دەبا. ئەو دو کۆمەڵە هێزو فاکتەرە بریتین لەفاکتەرەکانی گرێدانو یەکپارچەکردن کەدەبنە مایەی هێشتنەوەی دەوڵەت بەپایەداریو یەکپارچەییو فاکتەرەکانی لێك ترازانو هەڵوەشانەوە کەدەوڵەت بەرەو شێوانو پارچە پارچە بون دەبەن، یاخود هێزە گرێدەرەکانو هێزە ترازێنەرەکان.

هێزە گرێدەرەکان ئەو هێزانەن کەپشتیوانی لەیەکپارچەییو هێزی دەوڵەت دەکەنو بەرپەرچی هێزە چەواشەکان دەدەنەوە کەکار بۆ لاواز کردنی هێزی نەتەوەییی دەوڵەت دەکەن. لەم روەوە ئەگەر دروست کردنی دەوڵەت پێویستی بەسێ مەرجە بنەڕەتییەکەی خاك، دانیشتوانو حکومەت هەبێ، مانەوەی ئەو دەوڵەتە بەئاسودەیی، بەبێ بونی پاکانەیەکی پتەو کەببێتە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ تۆکمەکردنی هێزە گرێدەرەکانو خەفەکردنی هێزە ترازێنەرەکان، دەستەبەر نابێ. پێکهاتەی هێزی نەتەوەییی دەوڵەت

لەهەندێ لایەنە هەرە گرنگەکانیدا پشت بە ورە بەرزیی نەتەوە دەبەستێ. مانەوەی ورەی نەتەوە بە بەرزی، هاندەرە بۆ پتەوبونی هێزە گرێدەرەکان، بەتایبەتی کەفاکتەری ورە بەرزی بەوە لەفاکتەرە ماددییەکانی تری هێزی دەوڵەت جیا دەکرێتەوە کەپەیوەندیی راستەوخۆی بەهەڵکەوتی جوگرافیایی، داهاتی سروشتی، هێزی ئابوری، دانیشتوانو فاکتەرەکانی ترەوە نیە[٣].

هێزە ترازێنەرەکان ئەو هێزانەن کە شێلگیریو تەبایيو یەکێتیی ناوخۆیی خاموش دەکەنو لەهەلومەرجی دژوارو تەنگانەدا دەبنە مایەی شێوانی ناوخۆی دەوڵەتو لەخراپترین باردا لێك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتو جیابونەوەی هەرێمە یاخیبووەکانیان لێ دەکەوێتەوە.

لەسۆنگەی ئەمەوە، هەوڵی دەوڵەت بۆ پاراستنی پێکهاتە سیاسییەکانی، لەناوەڕۆکدا هەوڵدانە بۆ بنبڕکردنی یاخود لایەنی کەم کزکردنی ئاسەوارو کوڵو کۆی هێزە ترازێنەرەکانو بەم پێیە دەوڵەت ستراتیجی نەتەوەییی دورنمای خۆی لەسەر بناغەی دەرفەت نەدان بەباسك ئەستوربونی هێزە ترازێنەرەکان دادەڕێژێو هەوڵ دەدا لەڕێی بەرەوایی سەلماندنی سیاسەتو بۆچونەکانییەوە، لەناخی هاوڵاتییەکانیدا سەردانەواندنێکی ئارەزومەندانەو پابەندبون بەمیانڕەویو بەئاشتی پێکەوە ژیانو تەبایيی شەرعیەتەکان بخولقێنێ.

بەپیادەکردنی ئەم ڕێوشوێنە، دەوڵەت دەیەوێ یەکدەنگییەکی سەرتاپاگیر لەنێوان هاووڵاتییەکانیدا پێك بێنێ. ئەم بارودۆخە، هاوپێچ لەگەڵ ترس لەهەرەسهێنانو دارمانی پێکهاتە سیاسییەکان، دەوڵەت هاندەدا لەگێژەنگی دەستەبەرکردنی ئەمنە قەومییەکەیدا، هانا بۆ هەندێ چەمکی جیۆپۆلەتیکی ببا. لەم دیدەوە، جیۆپۆلەتیك کە لەڕوی پرەگماتیکەوە وەك هونەری کاری سیاسیی دەوڵەت لەتێکۆشانیدا بۆ بەدەست هێنانی کایەی ژیان خۆی دەنوێنێ[٤]، دەبێتە ئامرازێك بۆ کزکردنی کاریگەریی هێزە ترازێنەرەکانو تۆکمەکردنی هێزە گرێدەرەکان.

هێزە گرێدەرەکانو هێزە ترازێنەرەکان نەك هەر لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەت هەوێنی تەبایيو ناتەبایین، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتانیش هەمان رۆڵ دەگێڕنو گروپە مرۆییەکان لێك جیا یان لێك نزیك دەکەنەوە. لەم رەوتەدا ژان گۆتمان ئەم دو هێزە دژو ناکۆکەی بەم شێوەیە پێناسە کردوە کە Circulation هۆی نائارامییەو Iconography مایەی ئارامییەو هارتشۆرن هەردو هێزی بەهێزی راکردو لەناوەندو هێزی راکێشراو بۆ ناوەند ناو بردوە[٥]. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتاندا ئامانجی هاوبەش بەهێزێکی گرێدەری گرنگ دەژمێردرێو بەهەمان پێودانگی خۆراپسکاندن لەبیروباوەڕێکی دوژمنکار لێی رادەبینرێ گەلانی فرە لێك جیاواز لێك نزیك بکاتەوە، وەك ئەوەی لەنمونەی لێك نزیکبونەوەی تورکیاو نەرویژ لەچوارچێوەی ناتۆدا دەردەکەوێ[٦].

بەڵام مەرج نیە هێزە ترازێنەرەکان هەمیشە پارچە پارچە بونی دەوڵەتیان لێ بکەوێتەوە. زۆربەی جار تینو تاوی هێزە ترازێنەرەکان لەئاستەنگ نانەوەو تەگەرەدان لەهەڵسوڕانی ئاسایی‌ی دەوڵەتو کزکردنی سەنگی سیاسی‌ی تێناپەڕێ. بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا بۆ دەوڵەت گیروگرفتێکی گەورەیە چونکە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر ئارامی‌ی ناوخۆیی دەبێو تەگەرە لەپەرەسەندنی سیاسی‌ی دەدا. شکستی دەوڵەت لەهەڵسوڕاندنی ئەرکەکانیدا بارودۆخێکی گرژ لەناوخۆی وڵاتدا پەیدا دەکا.

رەنگە هەندێ لەهێزە ترازێنەرەکان پەیوەندییان بەفاکتەرە جوگرافیایی‌یەکانی وەك شێوەو قەوارەی دەوڵەتو دژواری‌ی هاتوچۆو سەختی‌ی رێگاوبانەوە هەبێ. لەم روەوە دەشێ ئاماژە بەوە بکرێ کەدابەشبونی پاکستان بەسەر دو پارچەدا کەهەزار کیلۆمەتر لێکی جیا دەکردنەوە، یەکێ لەکاریگەرترین هۆکانی ئاسانکردنی جیابونەوەی بەنگلادیش بوو لەساڵی ١٩٧١دا. ئەم دابەشبونە بەسەر دو لەتی لێك دابڕاودا، فەلەستینی‌یەکانیش دەگرێتەوە کەوڵاتەکەیان لەجەنگی ١٩٤٨ـەوە بووە بەدوو پارچەی پێکەوەنەنوساو: پارچەیەکی داخراوی فرە دانیشتوانو کەرتێکی کەم دانیشتوانی سەر کەنار دەریا. لەم بوارەشدا سەرنج دەدرێ کەپاش سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لەچین لەساڵی ١٩٤٨دا، فاکتەرە جوگرافییەکان بونە هۆی دابەشبونی چین بەسەر دو پارچەی ناهاوسەنگدا: پارچەیەکی بەرینی بەدانیشتوان ئاپۆرەو پارچەیەکی دورگەیی لەفەرمۆزا لەدوری‌ی ١٠٠ کیلۆ مەترەوە لەلێواری باشوری چینەوە.

کۆشش بۆ خەفەکردنی تینو تاوی هێزە ترازێنەرەکان پەیوەندی‌ی بەزۆر بوارەوە هەیە لەوانە بواری رێگاوبان. لەهەندێ هەلومەرجی تایبەتدا، بەتایبەتی بۆ دەوڵەتێك کەخەمی ئاڵۆزبونی بارودۆخی لەئایندەدا لێ نیشتیێ، مەسەلەی رێگاوبان لەوە دەترازێ کەتەنها مەسەلەیەکی ئابوری بێ، بەڵکو دەچێتە سەر ئەوەی کەزیاتر مەسەلەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بێ. ئەمە لەو دیدگایەوە سەرچاوە دەگرێ کەرێگاوبان بۆ دەوڵەتێك کە لەپێکهاتەی کەلتوری‌ی خۆی بەگومان کەوتیێ، جیا لەوەی کەفاکتەرێکی ئابوری‌و سیمایەکی شارستانی‌یە، فاکتەرێکی گرنگی پێکەوە گرێدانی هەرێمەکانیشە کەئاکامەکەی پتەوکردنی پەیوەندییە ناوخۆیی‌یەکانی لێ دەکەوێتەوە. رێگاوبان جیا لەوەی کەبۆ پەیداکردنی دەوڵەتێکی هاوچەرخ پێویستە، هیچ دەوڵەتێك بۆ پایەدارکردنی پەیوەندییە ناوخۆیی‌یەکانی‌و تۆکمەکردنی یەکێتی‌یە سیاسییەکەی ناتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ. بێ لەوە، هەندێ جار لەمپەرە سروشتییەکان رۆڵێکی لەتکەر دەگێڕنو پارچەکانی دەوڵەت لێك دادەبڕن.

دەستەبەرکردنی مانەوەی دەوڵەت بەتەنها ناوەستێتەوە سەر کزکردنی فاکتەرە جوگرافییە ترازێنەرەکان چونکە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا کەپرۆسەی کۆنتاکتو پێك گەیشتنی لەچاو جاراندا

زۆر سانا کردوە، لێی رادەبینرێ نەخشێکی کارا لەخەفەکردنی فاکتەرە جوگرافییە ترازێنەرەکاندا بگێڕێ. بەڵام ئەمە رێ لەوە ناگرێ کەئەنجامدانی ئەم کارە، سەرەڕای کارایی‌ی فاکتەری تەکنەلۆژیا، کاتی دەوێ. لەم روەوە دابەشبونی دانیشتوان بەسەر چەندین گروپ‌و نژادو کەلتورو ئاین‌و تایفەو زماندا هۆیەکی کاریگەر بۆ نیگەرانی لەئایندەی دەوڵەت زیاد دەکا، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی‌یە ناوخۆیی‌یەکان ئەوەندەی لەسەر بنەمای زەبری زۆردارەکی دامەزرا بن، ئەوەندە لەسەر گوێڕایەڵی‌ی ئارەزومەندانە دانەمەزرا بن. ئەمە هەست بەلێك ترازان‌و لێك جودایی پەرە پێ دەداو دەشێ لەهەلومەرجی تایبەتدا پارچە پارچەبونی دەوڵەتی لێ بکەوێتەوە یاخود لایەنی کەم گۆبەندێکی زۆر بۆ دەوڵەت بنێتەوە.

دەشێ بیرۆکەی دەوڵەت سەرچاوەی جیاوازی هەبێ‌و لەم سەروبەندەدا بیرۆکەی دەوڵەت تان لەدەرەوە دێ تان لەناوخۆدا خونچە دەکاو دەپشکوێ یان سەرچاوەکەی ناوخۆیی‌و دەرەکی دەبێ. بەشێکی دەوڵەتان لەناوکەوە دەستیان پێ کردوەو بەم پێودانگە سەرچاوەی بیرۆکەی دەوڵەت تیایاندا سەرچاوەیەکی ناوخۆیی‌یە. جیا لەمانە، بەشێکی زۆری دەوڵەتان ئەگەرچی دروستبونیان لەناوکەوە دەستی پێ نەکردوە، بەڵام بیرۆکەی دەوڵەت تیایاندا روخسارێکی دێرینەی هەیە. بەشێك لەپاکانەی پەیدابونی دەوڵەتان بۆ هەوڵی رزگاربون لەدەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەر دەگەڕێتەوەو بەو پێودانگە هەستی نەتەوەگەرایی هاندەرێکی گرنگی گەڵاڵەبونی بیرۆکەی دەوڵەت دەبێ چونکە ئامانجێکی هاوبەش کەدانیشتوان لەدەوری کۆدەبێتەوە، رزگاری‌و نەهێشتنی دەسەڵاتی بێگانەیە.

بەشێوەیەکی گشتی، دەوڵەتانێك کەپاکانەی پەیدابونیان پشت ئەستورە بەبیرۆکەیەکی ناوخۆیی، تۆکمەترو رەگداکوتاوترن‌و تەونی ناوخۆیی‌یان بەئەندازەیەك پتەوە کەلێی رادەبینرێ کەفو کوڵی هێزە ترازێنەرەکان بنیشێنێتەوە. ئەو دەوڵەتانەش کەپاکانەی پەیدابونیان دەچێتەوە سەر بیرۆکەیەکی دەرەکی، بەئەستەم خۆیان لەبەردەم تەنگژە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکاندا رادەگرن، لەکاتی تەنگانەدا دادەمێنن‌و یەکپارچەیی‌و ئارامی‌ی ناوخۆیی‌یان پێ ناپارێزرێ. لەم سەروبەندەدا هۆی پەیدابونی دەوڵەتانی لەمپەر بەشێوەیەکی سەرەکی دەچێتەوە سەر بیرۆکەیەکی دەرەکی چونکە مەبەستی سەرەکی‌ی دروست کردنی ئەو جۆرە دەوڵەتانە لێك دابڕینی دو دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێکی بەهێزی رکابەرە. سەرەنجام، مەرج نیە ئەو دەوڵەتانە رەنگدانەوەی خواستو بەرژەوەندی‌ی دانیشتوانەکانیان بن‌و لەم سەروبەندەدا ئەرکە سەرەکی‌یەکەیان تەگەرەدانە لەپێك هەڵشاخانی راستەوخۆی دەوڵەتە بەهێزە رکابەرەکان. بێ لەوە، دەشێ بیرۆکەی دەوڵەت دەرهاوێشتەی بەرژەوەندی‌ی هەندێ دەوڵەتی زلهێز بێ کەبۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان لەناوچەیەکدا یەکەی سیاسی، بەو جۆرەی کە لەگەڵ ئەندێشەو بەرژەوەندییاندا رێکدەکەوێ، پەیدا دەکەن،

لەوانە کوێت، لوبنان، ئوردون‌و هی تر. لەم سەروبەندەدا پاکانەی پەیدابونی هەندێ دەوڵەت دەچێتەوە سەر سەرچاوەیەکی ناوخۆیی-دەرەکی بەڵام ئەم جۆرە دەوڵەتانە، لەدوا شیکردنەوەدا، فاکتەری دەرەکی رۆڵێکی کاریگەرتری لەپەیدابونیاندا گێڕاوەو ئەگەرچی لەخودی خۆیاندا هەندێ لەپێداویستییەکانی بون بەدەوڵەتیان تێدا بەدی دەکرێ بەڵام بیرۆکەی دەوڵەت لەهەناویاندا ئەوەندە کزو لاواز بوە کە بەبێ پاڵپشتی فاکتەرێکی دەرەکی نەیاندەتوانی ئەو بیرۆکەیە گەڵاڵە بکەن‌و بەئەنجامی بگەیەنن. هەلومەرجی ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی بیرۆکەی دەوڵەتیان سەرچاوەیەکی ناوخۆیی-دەرەکی‌یە، ئەوەندە لەهەلومەرجی ئەو دەوڵەتانەوە نزیکە کەپاکانەی پەیدابونیان پشت ئەستورە بەبیرۆکەیەکی دەرەکی، کە ئەگەر فریای خۆیان نەکەون‌و چار بۆ گیروگرفت‌و تەنگژە پڕوکێنەرەکانیان نەبیننەوە، لەبەر یەك هەڵدەوەشێن یاخود بەشێواوی‌و نائارامی دەمێننەوەو بەردەوام دڵەڕاوکێ تەنگیان پێ هەڵدەچنێ.

مەسەلەیەك کە بۆ ئارامی‌و مانەوەی هەر دەوڵەتێك گرنگە، مەسەلەی هێزی دەسەڵاتی ناوەندە. پێوانەی راستەقینەی هێزی دەسەڵاتی ناوەند توانای تەگەرەدانە لەپوکانەوەی پێکهاتە سیاسییەکان. لەهەلومەرجی تایبەتدا، هێزو بێهێزی ناوەند چارەنوسی دەوڵەت بەلایەکدا دەخا. هێزی دەسەڵاتی ناوەند بێ لەوەی کەسام‌و شەوکەتی دەوڵەت تۆکمەتر دەکا، خودی خۆیشی یەکێ لەفاکتەرە گرنگەکانی گرێدانی هەرێمەکان بەناوەندەوە پێك دێنێ. لەسۆنگەی ئەمەوە، لەدەوڵەتە فرە پێکهاتەکاندا هێزی دەسەڵاتی ناوەند، بەپشتیوانی‌ی ئابوری، لێی رادەبینرێ کەبتوانێ بۆ بەڕێوەچونی ستراتیجە نەتەوەیی‌یە دورنماکان ببێ بەپاڵپشت. بەهەمان پێودانگ، هاوکات لەگەڵ کزبونی هێزی دەسەڵاتی ناوەنددا، هەستی مت‌و کینەی دامرکاو هەلێکی گونجاوی بۆ بوژانەوە بۆ پێکدێ‌و لەئاکامدا ئامانجێك کە لەمەوبەر لەبەر بالادەستی‌ی ناوەند بەڕێوە نەدەچو، بێهێزی‌ی ناوەند دەشێ دەرفەتی بەڕێوەچونی بۆ پێك بێنێ. بەهۆی ئەمەوە، فاکتەرە ترازێنەرەکان لەکاتی مەینەتی‌ی دەوڵەتدا فاکتەرە گرێدەرەکان تەنگاو دەکەن‌و دەبنە مایەی رەوینەوەی هەیبەتی ناوەند.

ململانێی ناوخۆیی‌ی نێوان هێزە گرێدەرەکان‌و هێزە ترازێنەرەکان هۆی سیاسی، ئابوری‌و شارستانی‌ی خۆی هەیە. ئەندازەو بڕو شێوەی ئەو ململانێ‌یە لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیایەو لەهەر دەوڵەتێکدا سیماو تایبەتمەندێتی‌ی خۆی هەیە. بەڵام لەهەموی کارەساتتر بۆ دەوڵەت ئەوەیە کە لەناوخۆی دەوڵەتدا زیاد لەیەك بیرۆکەی دەوڵەت هەبێ‌و هیچ یەکێ لەو بیرۆکانە توانای رەوینەوەی نەبێ. بۆ دەوڵەت، نەهامەتی‌یەکە لەوەدایە کە لەهەندێ باروودۆخدا جوگرافیا دەبێتە پشتیوانێکی کاریگەر بۆ هێزە ترازێنەرەکان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەرێمانەی بیرۆکەی دەوڵەتیان تێدا هەڵکەوتوە، لەسەر سنوردا بن [٧]. لەم دیدگایەوە، فاکتەری

جوگرافیا لەهاندانی هەرێمەکاندا بۆ گەلاڵە کردنی بیرۆکەی دەوڵەتی جیا یاخود بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەلاتی ناوەند، ئاسەواری خۆی هەیە. لەم سەروبەندەدا هەندێ لەدەوڵەتە فرە پێکهاتەکان لەسۆنگەی فرە بیرۆکەیی‌یەوە ترسی تەشەنە کردنی هێزە ترازێنەرەکانیان هەیە چونکە هەندێ لەهەرێمەکانیان گەلاڵەی بیرۆکەی تایبەتی دەوڵەتیان هەیە. دەشێ دانیشتوانی ئەو هەرێمانە لەو جۆرە کەمینانە بن کە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا ناگونجێن کەتێیدا نیشتەجێن‌و چالاکییە سیاسییەکانیان پەیوەندی بەگرژیی نێو دەوڵەتانەوە هەبێ[8]، وەك ئەوەی هەیە لە ڕوسیا (کافکاسیا)، عیراق‌و تورکیا (لەهەرێمی کوردستان)، سریلانکا (لەهەرێمی تامیل)، چین (لەهەرێمی تبت)، سودان (لەباشور)، فیلیپین (لەناوچە موسڵمان نشینەکان)، کەنەدا (لەهەرێمی کیوبیك)، ئیمارات، ئیندۆنیسیا، ئیسپانیاو هی تر.

بەهەمان پێودانگ، ئەو کەمینانەی کەشوێنی نیشتەجێ بونیان هەرێمی جیای لێ پێك نایە یاخود هەرێمەکانیان ناکەونە سەر سنور، بەئەستەم بیرۆکەی دەوڵەتیان تێدا پەیدا دەبێ‌و ئەگەر هەشبێ بیرۆکەیەکی لاواز دەبێ.

## پەیدابوونی دەوڵەتان : نمونەی زیندو

لەکاتێکدا ئەرکی دەوڵەتمدار یان سیاسەتمدار هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی نێوان هێزەکان‌و هێنانەدیی ئامانجەکانی سیاسەتی داڕێژراوە، ئەرکی بیریار یان لێکۆڵیاری کاروباری ئەمنی قەومی زانینی هەلومەرجی پەیدابونی پێکهاتە سیاسی‌یەکان‌و فاکتەرەکانی بەردەوام بون‌و بەردەوام نەبونیانەو لەم سەروبەندەدا دروستی‌ی شیکردنەوەکەی دەوەستێتە سەر ڕادەی دروستی‌ی دیدی بۆ ئاینده، بەپێی تێڕوانینە سیاسی‌یەکەی. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کە هەلومەرجی پەیدابونی پێکهاتە سیاسی‌یەکان وەك یەك نیە، ناشێ یەك نمونە بێ بەنمونەی هەموان‌و بەم پێوانەیە ئەم مەسەلەیە چەندەها مۆدێلی لێ دەکەوێتەوە. دەوڵەت دەرهاوێشتەی پرۆسەیەکی ئاڵۆزو زادەی میراتێکی مێژوویی‌یەو بەم پێوانەیە زادەی کارلێکی چەردەیەك فاکتەری ناوخۆیی‌و دەرەکی‌یە.

نمونەکانی سەبارەت بەپەیدابونی دەوڵەتان کە لێرە ئاماژەیان پێکراوە، ئەو ڕاستی‌یە ڕون دەکەنەوە کە ڕارودۆخی مێژو نەك بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، بەڵکو بەشێوەیەکی دینامیکی، بەڕێوە دەچێ.

### روسیا

خاڵی وەرچەرخانی مێژوی روسیا بەپەیدابونی میرنشینی مۆسکۆ دەست پێ دەکا. میرنشینی مۆسکۆ میراتگری تواناو بەهرەی سیاسی‌ی میرنشینی کییڤ بوو کە لەسەدەی نۆیەمەوە یا سەدەی سیانزەهەم لەنێو خێڵەکانی سلاڤی ڕۆژهەلاتدا لەئارادا بوو. مێژوی روسیا بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە.

**١-قۆناغی میرنشینی کییڤ**[9]:

لەسەدەی هەشتەمدا خێڵە سلاڤە رۆژهەڵاتییەکان لەناوچەی کرباتەوە رویان کردە رۆژهەڵاتو لەسەدەی نۆیەمدا میرنشینی کییڤیان پێکەوە نا. سلاڤە رۆژهەڵاتی‌یەکان لەدیدی مێژونوسانی روسەوە باپیرەی روسو ئۆکراینیو خەڵکی بیلاروسیا پێکدێنن. لەسەدەی دەیەمدا شازادەکانی‌کییڤ بەهۆی پەیوەندی‌یانەوە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزانسدا، وەرچەرخانە سەر ئاینی مەسیحی. باوەڕ هێنانی سلاڤە رۆژهەڵاتییەکان بەبیروباوەڕی کەنیسەی ئەرتۆدۆکس بوە هۆی جیابونەوە لەئەوروپای رۆژئاواو گۆشەگیربونیان. ئەم جیابونەوەیە بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی سیریلیك رەگی داکوتا. بەدەست هێنانی مەزەبی یەکگرتو، زمانو وێژەی جیاو پایەدارکردنی دەسەڵاتی سیاسی، پەیدابونی بیرۆکەی دەوڵەتو ناسنامەی نەتەوەیی‌ی لیّ کەوتەوە.

میرنشینی کییڤ لەسەر دەستی مەغۆل لەسەرەتای سەدەی سیانزەهەمدا لەناو براو بە لەناوچونی، ئەم قۆناغەی پەرەسەندنی روسیا دوایی‌ی هات.

**٢-قۆناغی دەسەڵاتی مەغۆل:**

لەناوچونی میرنشینی کییڤو گوشاری بەردەوامی مەغۆل بەشێکی زۆری خێڵەکانی بەرەو باکور پاڵ پێوە نا. ئەو خێڵانە لەهەرێمی ئۆکا، لەنێوان روباری ڤۆلگای سەروو وچەمی ئۆکا، گیرسانەوە. لەسەدەی شانزەهەمدا روسیا پەیدابونی چەند میرنشینێکی بەخۆوە دی کە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرەشەی مەغۆل دەستیان دەخستە ناو دەستی یەکتریو یەکیان دەگرت. لەو هەرێمەدا میرنشینی مۆسکۆ سەری دەرهێناو لەسەر دەستی شازادە ئیڤان بوە مەڵبەندێکی ئاینی. روسەکان بۆ ماوەی زیاد لەدو سەد ساڵ لەژێر فشارو دەسەڵاتی خانەکانی تەتەرو مەغۆلدا مانەوەو تەنها لەکۆتایی‌ی سەدەی پانزەهەمدا، لەسەردەمی‌حوکمڕانی‌ی ئیڤانی سێیەمدا، ئەو فشارو دەسەڵاتەیان لەسەر خۆیان کەم کردەوە.

**٣- قۆناغی کشانو پەلهاوێشتن:**

میرنشینی مۆسکۆ لەسەر دەستی پاشاکان کە نازناوی تزاریان بۆ خۆیان هەڵبژارد بوو، وردە وردە دەستی بەکشان کرد. کشانی روسیا، دوای کۆتایی هاتنی حوکمڕانی‌ی خانەدانی ریوریکۆڤیچو هاتنە سەر کاری خانەدانی رۆمانۆڤ، لەساڵی **١٦١٣**ـەوە تا **١٩١٧** درێژەی کێشا(١٠). کشانی روسیا لەسەدەی شانزەهەمو حەڤدەهەمدا نەبوە هۆی شێوانی زیاد لەپێویستی هاوسەنگی‌ی نەتەوەیی‌ی دانیشتوان، بەڵام لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا دەوڵەت پەلی بۆ ئەو ناوچانە هاوێشت کە نە روس بونو نە ئەرتۆدۆکس(١١). بەم پێودانگە، روسیا تا ساڵی ١٩١٧، کاتێك رژێمی تزار هەرەسی هێنا، دەوڵەتێکی پانو پۆڕ بوو، لەلێواری ئۆقیانوسی ئارامەوە تا ناوەڕاستی ئەوروپا درێژ ببۆوەو ئیمپراتۆریەتێکی فرە نژاد، فرە ئاینو فرە مەزەبی لیّ کەوتبۆوە.

## ئیتالیا

پەیدابونی ئیتالیای یەکگرتو نمونەی سەرکەوتنی هێزە گرێدەرەکانە بەسەر هێزە ترازێنەرەکاندا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یەکگرتنە، سەرەڕای تێپەڕبونی زیاد لەسەدەو چارەکێك بەسەریدا، هێشتا روخساری پەرتەوازەییو پارچە پارچەیی پێوە دیارە.

بەر لەوەی یەك بگرێتەوە، وا تەماشای ئیتالیا دەکرا کە لە((گوزارەیەکی جوگرافیایی)) بەولاوە هیچی تر نیە. مێژوی تازەی ئیتالیا دو قۆناغی بەخۆوە دیوە:

**١- قۆناغی پارچە پارچەیی**[١٢]:

لەو قۆناغەدا هێزە گرێدەرەکانو هێزە ترازێنەرەکان لەململانێیەکی دژواردا بونو هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە زیاتر تای تەرازوی پارچە پارچەیی وڵاتی گرانتر دەکرد. خودی ئیتالیاییەکان لەرەفتارو سایکۆلۆژیادا جیاوازیی قوڵیان لەنێواندا بوو بەڵام ئەم جیاوازییانە جیاوازیی ناوچەیی بون نەك جیاوازیی رەگەزی.

لەئیتالیا رەگەزێکی ئیتالیایی هەبو کە لەڕوی مێژوو و جوگرافیاوە زادەی دابو نەریتو بزاڤە مێژوییو ئابورییەکانو لەناو یەکتری توانەوەی دانیشتوانی رەسەنو گروپە بیانییەکان بوو. بەم پێودانگە، لەئیتالیا بەپێچەوانەی زۆر وڵاتی ترەوە یەکدینیو یەکزمانی هەبو. ئەوە بۆ خۆی جێی تێڕامانە کە لەئیتالیا مەزەبی ئاینیی جیاواز نەبو بەڵکو سەرتاپای ئیتالیاییەکان بەکاتۆلیکی مابونەوە. بێ لەوە دابو نەریتی ئیتالیاچێتی، هەمو ئیتالیاییەکانی هان دەدا بەسەروەرییە لەمێژینەکانی رۆماوە شانازی بکەن.

بەڵام سەرەڕای هەمو ئەم فاکتەرانە، تا پێشساڵی ١٨٣٠ بزوتنەوەی نەتەوەیی لەئیتالیا نەبو. پارچە پارچە بونی ئیتالیا لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندییە ئابورییەکاندا رێك نەدەکەوتو بەشێوەیەکی گشتی، لەئیتالیا ژیانێکی ئابوریی گشتی لەئارادا نەبو. بەم پێوانەیە، ژیانی ئابوری، بەو جۆرەی کە لەئارادا بوو، پەیوەندیو بەرژەوەندیی فراوانی لێ پێك نەهات. هەلومەرجی کۆمەڵایەتیش بەشێوەیەك هەڵکەوتبو کەنەبوبوە مایەی لێك نزیك بونەوەی دانیشتوان. بەرامبەر بەوە، تێکۆشان لەپێناوی ئازادیدا تێکۆشانێکی گشتی نەبو، واتە هەر دەوڵەتێکی ئیتالیایی بۆ خۆی تێدەکۆشاو هەوڵی بەدی هێنانی ئازادیی خۆی دەدا. بەم پێوانەیە، بیرۆکەی ئازادی پێش بیرۆکەی نەتەوایەتی چەکەرەی کرد.

**٢- ئیتالیای نیوە یەکگرتو**[١٣]:

لەکۆتاییی سەدەی هەژدەهەمدا ئیتالیا بەسەر چەندین دەوڵەتۆکەو شانشیندا دابەش بوو بوو: لەوپەڕی باکوری رۆژئاوادا شانشینی سەردینیا یان بیدمۆنت، لەوپەڕی باکوری رۆژهەڵاتدا کۆماری ڤینیسیاو لەنێوان هەردوکیاندا دۆك نشینی میلانۆ، لەخواروی ئەم سێ دەوڵەتەدا سێ دۆك نشینەکەی بارما، تۆسکانیاو مۆدینا هەبو، لەرۆژئاواشدا کۆماری گەنەوەو

لەناوەڕاستدا دەوڵەتی پاپا کەپایتەختەکەی ڕۆما بوو، لەباشوریش شانشینی ناپۆلی بەسەرکردایەتیی بنەماڵەی بۆربۆن.

ئەگەرچی ناپلیۆن بۆناپارت بەتێکهەڵکێش کردنی ویلایەتە ئیتالییەکان، ژمارەی دەوڵەتە ئیتالیاییەکانی کەم کردەوە، بەڵام پاش ڕوخانی ناپلیۆن، کۆنفرەنسی ساڵی ١٨١٥ی ڤیەننا ئیتالیای وەکو جاران لێ کردەوە.

گەورەترین هەوڵی شکست خواردوی ئیتالیاییەکان بۆ ڕزگاربون لەستەمی بێگانەو یەکپارچەکردنی وڵات، لەساڵی ١٨٤٨دا ڕویدا، کاتێك بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە سەرتاسەری ئیتالیای گرتەوەو تەنگی بەدەسەڵاتدارە خۆماڵییەکان هەڵچنیو بەڕوی داگیرکەرە نەمساییکاندا تەقییەوە. بەڵام بەر لەوەی ساڵی ١٨٤٨ دوایی بێ، بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکە لەسۆنگەی دەستێوەردانی نەمساو فەرەنساوە، دامرکایەوە.

بۆ ئیتالیا پێشەنگی یەکگرتنی نەتەوەیی، شانشینی سەردینیا بوو کەلەچاو پارچەکانی تری ئیتالیا مەرجەکانی پێشەنگایەتیی تێدا بەدی دەکرا لەوانە: خاکی بەپیتو کشتوکاڵی پێشکەوتوو، پیشەسازیی مۆدێرن، بونی چینێکی ناوەڕاستی بەبیرکردنەوە لبرال، ڕژێمی سیاسیی دەستوریو گیانی بەرزی نەتەوایەتی. سەردینیا بەو هەلومەرجەی بۆی هەڵکەوتبو، ناوکی یەکگرتنی ئیتالیای لێ پێکهات.

ساڵی ١٨٥٩ نەمسا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵی سەردینیا بۆ خۆپڕچەك كردن، ویستی چەكی لێ داماڵێ. بەڵام سەردینیا بەکۆمەکی فەرەنسا، گورزی گورچکبڕی لەنەمسا وەشاندو لەدو شەڕدا شکستی پێ گەیاند. ئەم سەرکەوتنانە سەرتاسەری ئیتالیایان هێنایە جۆشو خرۆش، ئیتر لەماوەی نێوان ١٨٥٩-١٨٦١دا هەمو ئیتالیا، هەرێمی ڤینیسیای ژێر دەسەڵاتی نەمساو شاری ڕۆمای ژێر دەسەڵاتی پاپای لێ بترازێ، لەژێر ئاڵای فکتۆر ئیمانوێلی شای سەردینیا یەکی گرتەوە.

**٣- ئیتالیای تەواو یەکگرتو**[١٤]:

پاش شکستی نەمسا لەشەڕی حەوت هەفتەی ساڵی ١٨٦٦دا لەدژی پرۆسیا، نەمسا دەستی لەهەرێمی ڤینیسیا هەڵگرتو دایەوە بەئیتالیا. بۆ ڕۆماش، کاتێك شەڕ لەنێوان فەرەنساو ئەڵمانیا کڵپەی سەند، فەرەنسا ئەو هێزەی لەڕۆما بۆ پاراستنی پاپا جێگیر کردبوو، کێشایەوە. لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا ئیتالیاییەکان، بێ پەروا، ئەم هەلەیان قۆستەوەو دەسبەجێ دەستیان بەسەر ڕۆمادا گرتو دواتر بەپایتەختی ئیتالیای یەکگرتویان ڕاگەیاند.

**سربیا**[١٥]

لەدەوروبەری ساڵی ٦٠٠ی پێش زایندا ئێلاتی بەنژاد سلاڤی سربو کروات چونە ناوچەی بالکانو سەرەتا لەناوچەی بۆسنیا هێرزەگۆڤینیا گیرسانەوە. هاتنی ئێلاتی سلاڤ گۆڕانکاریی

رەگەزیی قوڵی لەناوچەی بالکاندا پەیدا کرد. سلاڤەکان بەرە بەرە لەسەرانسەری ناوچەی نێوان روباری دانوبو دەریای ئیجە نیشتەجێ بون.

ئەگەرچی خێڵەکانی سربو کروات بەریشە دەچنەوە سەر یەك تۆرەمە، بەڵام هەر لەزوەوە بەهۆی مەسیحیەتەوە درزیان تێکەوت چونکە سربەکان رێبازی ئەرتۆدۆکسیان هەڵبژاردو بەمەش بونە لایەنگری کەنیسەی کۆستانتیپۆڵو کرواتەکانیش رێبازی پاپاو ڤاتیکانیان پیادە کردو چونە ژێر قەڵەمڕەوی کەنیسەی کاتۆلیکەوە.

جیاوازی‌یەکە تەنها بەوە دانەکەوت کەهەر لایەکیان مەزەبێکی ئاینیی پیادە کرد، بەڵکو ئەلفوبێی نەتەوەییشی گرتەوە. بەم پێوانەیە، ئەلفوبێیەك کەسربەکان بەکاری دێنن بەریشە دەچێتەوە سەر ئەلفوبێی سیریلیکیو یۆنانی، لەکاتێکدا هی کرواتەکان ئەلفوبێی لاتینی‌یە.

بیرۆکەی دەوڵەت لەلای سربەکاندا لەدێر زەمانەوە بیرۆکەیەکی پایەدار بوە. بەم پێوانەیە، دەبینین سربەکان لەسەدەی هەشتەمدا میرنشینەکانی خۆیان یەکخستو حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی سەر بەبیزانتەکانیان پێکەوەناو بۆ یەکەمین جار لەمێژویاندا، لەسەدەی دوانزەهەمدا، پاش خۆڕاپسکاندن لەدەسەڵاتی بیزانتەکان، لەسەر دەستی ستیفان نمانیا، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند.

دەوڵەتی سربیا لەهەرێمی کۆسۆڤۆ سەری دەرهێناو لەم رووەوە هەرێمی‌کۆسۆڤۆ بۆ سربیا بەهەرێمی ناوك دەژمێردرێو لەوێوە سربیا دەستی بەپەلوپۆ هاوێشتن کردوە. ستیفان نمانیا قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەی تا مەکەدۆنیا درێژ کردەوە. لەنیوەی دوەمی سەدەی چواردەهەمدا سربیا بەهێزترین دەوڵەت بوو لەبالکاندا، تەنانەت کار گەیشتە ئەو ئەندازەیەی کەشا دوشان لەساڵی ١٣٤٦دا لەشاری سکۆپی تاجی ئیمپراتۆریی لەسەر ناو ناوی لەخۆ نا قەیسەر.

ساڵی ١٣٨٩ سربەکان لەشەڕی کۆسۆڤۆ لەسەر دەستی تورکە عوسمانییەکان گورزێکی‌گورچکبڕیان بەر کەوتو زۆری نەبرد لەنیوەی دوەمی سەدەی پانزەهەمدا ئەو نیمچە سەربەخۆیی‌یەی کەبۆ سربەکان مابۆوە، ئەویش لەناو چوو و سربەکان وەك گەلانی تری ناوچەی بالکان بون بە بەشێك لەقەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی.

لەڕەوتی شەڕی درێژخایەنی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئیمپراتۆریەتی نەمساو هاوپەیمانێتی‌ی نێوان سربەکانو نەمسا لەدژی دەوڵەتی عوسمانی، لەساڵی ١٦٨٣دا پاش شکستی نەمسا لەجەنگدا، چل هەزار خێزانی سربی لەترسی رقو کینەو دڕندەیی‌ی عوسمانییەکان ناوچەی کۆسۆڤۆیان بەجێ هێشتو بەرەو باکورو رۆژئاوا هەڵکشان. لەم هەراو جەنجاڵەدا کۆچکەرانی ئالبان نژاد

لەباکوری ئالبانیاوە رژانە سەر کۆسۆڤۆو بەکۆمەکی عوسمانییەکان تێیدا نیشتەجێ بون.

لەو ماوەیەدا ئەفسانەی نەتەوەیی، مەزەبی ئەرتۆدۆکسو گیانی سەربەخۆخوازانەی هەمیشە بەجۆشو خرۆش، - ناسنامەی تایبەتی بۆ سربەکان پێکهێنا. ئەمە وای کرد سربەکان بەدرێژایی مێژویان لەجەنگو شەڕو شۆڕدا بن.

ساڵی ١٨١٧ سربەکان میرنشینێکیان لەدەوروبەری بەلگرادو باشوری روباری دانوب پێکهێنا. ئەگەرچی ئەم میرنشینە میرنشینێکی سەربەخۆ نەبو بەڵام دواتر بۆی رێککەوت ببێ بەناوکی دوەمی دەوڵەتی سربیا. ساڵی١٨٣٠، پاش شکستی دەوڵەتی عوسمانی لەشەڕی ئادرنە، ئۆتۆنۆمی‌یەك بەزەبری فشارو زۆری روسیا، بۆ سربیا سەلێنرا. ساڵی ١٨٧٨ کۆنفرەنسی بەرلین سەربەخۆیی‌ی سربیای راگەیاند. لەساڵی ١٨٨٢دا سربیا وەك شانشینێك لەژێر حوکمڕانی‌ی میلان ئۆبرینۆڤیچ راگەیەنراو لەساڵی ١٩١٢دا لەگەرمەی خەباتی دژی عوسمانی‌یەکاندا سربەکان کۆسۆڤۆیان لەعوسمانی‌یەکان سەندەوەو تەواوی خاکی سربیایان رزگار کردو بەپێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩١٣ی بۆخارست مەکەدۆنیای باکوریان بەدەست هێنا.

### تورکیا[١٦]

لەسەرەتای سەدەی سیانزەهەمدا یەکێ لەخێڵە تورکەکانی ئۆغوز، لەترسی مەغۆلەکان، بەسەرکردایەتی‌ی ئەرتەغرەل بەرەو رۆژئاوا رایکردو لەئەناتۆلیا بارو بنەی خست. ئەو خێڵە چادرنشینە کە بێجگەلە تاڵانو بڕۆو شەڕ هیچ پیشەیەکی تری نەدەزانی، خۆی خستە بەر حکومەتی تورکە سەلجوقی‌یەکانەوە. سەلجوقی‌یەکان کە لەگەڵ رۆمە بیزانتەکاندا لەشەڕو کوشتاردا بون، پاراستنی ناوچەی ئەوپەڕی باکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیایان بەو خێڵە سپارد. بەمجۆرە، لەباکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیا کۆمەڵێکی عەسکەرتار بەسەرکردایەتی‌ی چینێکی جەنگاوەر پێکهاتو هەر لەو شوێنەدا میرنشینێکی بچوك دامەزرا کە دواتر بۆی رێککەوت پەل بهاوێو ئیمپراتۆریەتێکی پانوپۆڕ دابمەزرێنێ.

یەکەم پەلهاوێشتنی ئەم میرنشینە پاش هەرەسهێنانی دەوڵەتی سەلجوقی، لەسەرەتای سەدەی چواردەهەمدا، لەسەر دەستی عوسمان هاتە دی، کاتێك توانی دەست بەسەر دو شارۆچکەکەی ئەسکیشەهرو قەرەجە حەساردا بگرێ. لەساڵانی دواتریشدا میرنشینەکە پەلهاوێشتنی دیکەی بەخۆوە بینی تا لەدواییدا دەستی بەسەر یەنی‌شەهردا گرت.

پەلهاوێشتنەکانی عوسمان بونە مایەی ئەوەی کە دەوڵەتو گەلەکە بەناوی ئەوەوە بناسرێن، بەتایبەتی کە لەسەردەمی ئەودا تورکەکان لەشکرکێشی‌یان کردە سەر شارە یۆنانی‌یە دراوسێکانو شکستیان بەلەشکری رۆمە بیزانتەکان گەیاند. ئەگەرچی پەلهاوێشتنی میرنشینەکە بەڕێوشوێنی زۆر دڕندانە ئەنجام درا، بەڵام ئەم دڕندەیی‌یە بوە هۆی پایەدارکردنی پەلهاوێشتنەکان.

لەسەردەمی ئۆرخاندا رۆمە بیزانتەکان هیچ ناوچەیەکی باکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیایان لەبەر دەستدا نەماو بەمجۆرە سەرتاپای باکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیا بۆ تورکەکان مایەوە.

یەکێ لەفاکتەرە یارمەتیدەرەکانی کشانی ئاسۆیی‌ی دەوڵەت لەناوەڕاستو رۆژئاوای ئەناتۆلیاو پەیتا پەیتا بەتورك بونی ناوچەکە، نەبونی جیاوازی ریشەیی‌و کاریگەر بوو لەڕوی نژادو زمانو دابو نەریتەوە لەنێوان ئیلاتی تورکو تورکماندا، لەئاکامدا زاڵبونی عوسمانی‌یەکان بەسەر میرنشینە تورك نژادەکانی تری ئەناتۆلیا خراپ کاری نەکردە سەر پێکهاتەی ئیتنیکی‌ی دەوڵەت بەڵکو دانیشتوانێکی بۆ دابین کرد کە دواتر رۆڵێکی گرنگیان لەپایەدارکردنی هێزی دەوڵەتدا بینی.

سیاسەتێك کە عوسمانی‌یەکان بۆ پایەدارکردنی دەوڵەت گرتیانە بەر، بریتی بوو لەتورکاندنی ئەو سەرزەمینەی داگیریان دەکرد. زۆربەی کات ئەم سیاسەتە بەدەرکردنی دانیشتوانی رەسەنی ناوچە داگیرکراوەکانو نیشتەجێ کردنی چادرنشینە شوانکارە تورکەکان بەڕێوە دەچو.

لەساڵی ١٣٥٨ بەدواوە عوسمانی‌یەکان بەگرتنی شاری گالیبولی لەهەرێمی تراکیا، لەهێزێکی ئاسیایی‌یەوە بون بەهێزێکی ئەوروپایی‌و لەساڵی١٤٥٣دا بەگرتنی شاری کۆستانتیپۆل دەرگای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی‌یان لەبەردەمدا والآ بوو.

## عەرەبستانی سعودی

پەیدابونی عەرەبستانی سعودی دەچێتەوە سەر میرنشینی درعیە لەناوەڕاستی بیابانی نیمچە دورگەی عەرەبو بیرۆکەکەی لەرێبازی ئاینی‌ی شێخ محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابی دامەزرێنەری مەزەبی وەهابیگەری‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. میرنشینی درعیە لەدۆڵی حەنیفە لەولاتی نەجد دامەزراو هەر لەوێشدا میر محەمەدی کوڕی سعود لەساڵی ١٧٤٥دا هاوپەیمانێتی‌ی لەگەڵ شێخ عەبدولوەهابدا بۆ بلاوکردنەوەی رێبازی وەهابیگەری بەست[١٧]. بەمجۆرە، سعودییەکان بۆ فراوانکردنی‌میرنشینەکەیان هاندەرێکی سیاسی‌و دینی‌یان چنگ کەوت.

لەو رەوتەدا وەهابیگەری، وەك ئایدیۆلۆژیای سەردەستی خێڵی حوکمڕانی سعود، بوو بە بزوتنەوەیەکی کاریگەرو وەهابی‌یەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا پەلوپۆیان بۆ زۆر شوێن هاوێشتو لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا حیجاز، حەساو بەشێکی عومانیان کۆنترۆڵ کرد[١٨].

بەلام زۆری نەبرد وەهابی‌یەکان لەبەردەم هێزەکانی محەمەد عەلی پاشای میسر شکستیان خوارد، وردە وردە یەك بەیەکی ناوچەکانیان لەدەسداو هیچ دەسەلاتێکیان بۆ نەمایەوە. بەمجۆرە، یەکەم ناوکی دەوڵەتی سعودییەکان پوکایەوەو دەسەلاتی لەدەسدا. بەلام دەسەلاتی خانەدانی سعود سەری هەڵدایەوەو لەسەردەمی عەبدولعەزیزی ئیبن سعوددا دەسەلاتی وەهابی‌یەکان بەئەندازەیەك

پەرەی سەند کە گەیشتە رادەی کۆنترۆڵ کردنی شاری ریاز. ساڵی ١٩٠٢ بن سعود بەقۆستنەوەی هەلی لەبار، بەنهێنی خۆی گەیاندە ریازو دەستی بەسەردا گرت[١٩]. لێرەوە ریاز بوو بەدوەم ناوکی دەوڵەتی سعودییەکانو ئەمجارە لەوێوە دەستیان بەپەلوپۆ هاوێشتن کرد.

پێش روخانی دەوڵەتی عوسمانی، بیابانی عەرەب چوار میرنشینی لێ هەڵکەوتبو: نەجد لەناوەڕاستدا لەژێر فەرمانڕەوایی‌ی خانەدانی سعود، حیجاز لەرۆژئاوادا لەژێر فەرمانڕەوایی‌ی شەریف حسێن، شمەر لەباکوردا لەژێر فەرمانڕەوایی‌ی خانەدانی راشدی‌و عەسیر لەباشوری رۆژئاوادا لەژێر فەرمانڕەوایی‌ی خانەدانی ئیدریسی. ماوەی نێوان ١٩٠٦-١٩٢١ ماوەی پایەدارکردنی پەلهاوێشتنی میرنشینی نەجد بوو چونکە لەو ماوەیەدا بن سعود حەسای کۆنترۆڵ کردەوەو دەستی بەسەر چەندین ناوچەی تردا گرت. لەساڵی ١٩٢١یش میرنشینی شمەری پاکتاوکردو سەرانسەری سەرزەمینەکەی بەنەجدەوە لکاند. کۆششی ئنگلیزیش بۆ گەمارۆدانو خەفەکردنی پەلهاوێشتنی نەجد بەناکامی مایەوە[٢٠].

لەساڵی ١٩٢٤دا لەگەرمەی ململانێی نێوان خانەدانی سعودو خانەدانی هاشمی‌یەکاندا، بن سعود دەستی بەسەر حیجازدا گرتو ئەو هەرێمەشی بەمیرنشینەکەیەوە لکاند. دو ساڵ پاش ئەمە، لەساڵی ١٩٢٦دا لەکاتێکدا هەرێمی عەسیر لەپاشاگەردانی‌و پشێوی‌ی ناوخۆدا بوو، سعودی‌یەکان بەئاسانی دەستیان بەسەردا گرتو پەیمانی مەککەیان بەسەر میر حەسەن ئیدریسی‌دا سەپاند کەبەکردەوە عەسیری خستە ژێر چاودێری‌ی پاشای حیجازو نەجدەوە[٢١]. بەمجۆرە، تا ساڵانی سی‌ی سەدەی بیستەم، بن سعود بۆی رێککەوت هەر چوار هەرێمەکەی بیابانی عەرەب لەژێر دەسەڵاتی خۆی یەکخاو دەوڵەتێکیان بەناوی شانشینی عەرەبستانی سعودی‌یەوە لێ پێکبێنێ.

## عێراق

عێراق نمونەی دەوڵەتێکە کە پاکانەی بونی، ئەوەندەی دەچێتەوە سەر بیرۆکەی دەرەکی ئەوەندە ناچێتەوە سەر بیرۆکەی ناوخۆیی‌و بەم پێوانەیە لەنمونەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، فاکتەری دەرەکی بەسەر فاکتەری ناوخۆییدا زاڵە. راستە لەساڵانی بیستی سەدەی بیستەمدا دامەزراندنی دەوڵەت داواکاری‌ی خەڵکی بوو، بەڵام لەم بوارەدا دو لایەن هەیە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن. یەکێکیان ئەوەیە کەعێراق بەبێ پشتیوانی‌ی بریتانیا لێی رانەدەبینرا پێك بێ. ئەوەی ئەم بۆچونەش ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کەعێراق لەو سەردەمەدا لەبەردەم هێزی تورکو فارس‌و وەهابی‌یەکاندا کێشێکی ئەوتۆی نەبووەو بەتەنها بەبێ پشتیوانی‌ی هێزێکی دەرەکی، خۆی پێ نەدەپارێزرا. دوەمیشیان ئەوەیە کەعێراق لەسەر بنەمایەك پێك هات کەئەوەندەی لەبەرژەوەندی‌ی بریتانیادا بوو ئەوەندە لەبەرژەوەندی‌ی شیعەی باشورو کوردی

باکوردا نەبو. بەم پێودانگە، عێراق بەو جۆرەی کەکۆنفرەنسی ساڵی ١٩٢١ی قاهیرە بڕیاری لەسەر دا، زادەی تێڕوانینی بریتانیا بوو بۆ بەرژەوەندی‌یە ستراتیجی‌یەکانی خۆی.

ساڵی ١٩١٨ عێراق پاش ٣٨٤ ساڵ لەدەسەلاتی عوسمانییەکان، لەگرتنی بەغداوە لەسەر دەستی سولتان سلێمانی قانونی لەساڵی ١٥٣٤دا تا داگیرکردنی سەرتاسەری عێراق لەساڵی ١٩١٨دا، لەچنگ تورکە عوسمانییەکان رزگاری بوو و کەوتە دەست ئینگلیزەکانەوە. ئەگەرچی راگەیاندنی جەنراڵ مۆد پاش گرتنی بەغدا لەساڵی١٩١٧دا بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتی بەعێراقییەکان نەدابوو، بەلام ئەم بەڵێنە لەراگەیاندنی هاوبەشی ساڵی ١٩١٨ی بریتانیا-فەرەنسا درا، کاتێك ئەم دو دەوڵەتە بلاویان کردەوە کەهەردو لایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەپێویستە ئەوگەلانەی تازە لەچنگ دەوڵەتی عوسمانی رزگاریان بوە، حکومەتی نەتەوەیی‌ی خۆیان هەبێ. بەلام لەو کاتەدا ئەوەی لە لەندەن کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاستی هەڵدەسوڕاند، کۆمیتەیەك بوو بەسەرۆکایەتی‌ی لۆرد کرزن کەتا ئەو کاتە مەیلێکی کەمی بەلای دەست هەڵگرتن لەهەڵسوڕاندنی راستەوخۆی عێراق هەبوو[22]. بۆیە لەو کاتەدا سیاسەتی بریتانیا رەوشێکی وای تێدا بوو کە هەم دەیویست ناوەڕۆکی راگەیاندنی هاوبەشی بریتانیا-فەرەنسا کلۆر نەکرێ‌و هەم دەست لەهەڵسوڕاندنی راستەوخۆی عێراقیش هەڵنەگیرێ، بەتایبەتی کەتا ئەو کاتە بریتانیا بەرنامەیەکی رونی بۆ ئایندەی عێراق نەبو.

بۆ ساڵی دواتر، کۆنفرەنسی سان ریمۆ ماندێتی بەسەر عێراقدا سەپاند. ئەم مەسەلەیە خەڵکی عێراقی خرۆشاند چونکە ماندێت وەك پاشگەزبونەوە لەبەڵێنی سەربەخۆیی لێکدرایەوە. سەرەنجام، شیعەکان کەزۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، لەدەسەلاتی ئینگلیز هاتنە دەستو راپەڕینێکی چەکداریان هەلایساند کە نزیکەی شەش مانگی خایاند.

پاش دامرکاندنەوەی راپەڕینی شیعەکان، بریتانیا بەجددی کەوتە بیرکردنەوە لەدامەزراندنی دەوڵەت لەعێراقدا. بیرۆکەی دەوڵەت لەلای خەڵکی عێراقدا ریشەیەکی قوڵی نەبو بەتایبەتی‌کە لەساڵی ٩٤٦ـەوە، کاتێك بوەیهی‌یەکان دەسەلاتیان لەبەغدادا پەیدا کرد، دانیشتوانی عێراق هیچ رۆڵێکیان لەهەڵسوڕاندنی ولاتەکەیاندا نەبوە. ئەم ماوە دورو درێژە کەخۆی لەنزیکەی هەزار ساڵێك دەدا، کارێکی وای کردبو عێراقییەکان بۆچونێکی لێڵۆ تەڵخیان دەربارەی دەوڵەت هەبێ. بەدرێژایی‌ی ئەو هەزار ساڵە هیچ هەوڵێکی جددی لەلایەن عێراقییەکانەوە بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی‌و پێکەوەنانی دەوڵەت نابینرێ.

لەتشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا ئینگلیزەکان حکومەتێکی کاتی‌یان بەسەرۆکایەتی‌ی عەبدولرەحمان نەقیب گەیلانی دامەزراند. پێکەوەنانی ئەم حکومەتە نیاز ئاکی‌ی ئینگلیزی

سەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەت لەعێراق نیشاندا. ئیتر دوا بەدوای ئەمە، چەندین پاڵێوراو بۆ تەختی پاشایەتیی عێراق سەریان دەرهێنا لەوانە[٢٣]: میر بورهانیکوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی تورك، تالب پاشای نەقیبی بەسرە، شێخ خەزعەلی میری موحەممەرە، غولام ڕەزا خانی میری لوڕی پشتکو، بن سعودی میری نەجدو ئاغا خانی پێشەوای ئیسماعیلییەکانی هندستان. هەر لێ وردبونەوەیەك لەم ریزە ناوە مایەی تێڕامانە چونکە نیوەی پاڵێوراوەکان عەرەب نینو لەسێ پاڵێوراوە عەرەبەکە تەنها یەکێکیان خەڵکی عێراقە.

لەکۆنفرەنسی قاهیرە کەبەتایبەتی بۆ توێژینەوەی ئایندەی عێراق بەسترا، لەلیستی پاڵێوراوەکان کۆڵرایەوەو سێر پرسی کۆکسی های کۆمیشنەری بریتانیا لەعێراق رایگەیاند کەڕای گشتیی ناوخۆ بەهیچ شێوەیەك هیچ پاڵێوراوێکی خۆماڵی پەسند ناکاو بەم پێیە تالب پاشای نەقیبی بەسرە خرایە لاوەو پاشان هەمو پاڵێوراوە ناعەرەبەکان، بن سعود لەبەر وەهابیگەرییو شێخ خەزعەل لەبەر نەناسراویی، دورخرانەوە[٢٤].

لەکۆنفرەنسی قاهیرە بڕیار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقو کردنی فەیسەڵ بەشای ئەو دەوڵەتە درا. ئەو گیروگرفتانەی روبەڕوی ئەو دەوڵەتە بونەوە، هەر لەسەرەتاوە گیروگرفتی دژوار بون. لەسەرێکەوە شیعەکان، واتە زۆرینەی دانیشتوان، لەم میرە بەمەزەب سوننەیە رازی نەبونو لەگەڵ گەیشتنی فەیسەڵدا دانیشتوانی بەسرە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بەبێ دەستێوەردانی راستەوخۆی بەغدا داوای ئۆتۆنۆمییان کرد[٢٥].

تا ئەو کاتە چارەنوسی ناوچە کوردنشینەکان یەکلا نەکرابۆوە. بەڵام ئەم مەسەلەیە لەقاهیرە لەهەمو رویەکەوە تاوتوێ کرا. کۆنفرەنسی قاهیرە چەند بیروڕایەکی جیاوازی بەخۆوە بینی. لەو کۆنفرەنسەدا مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێك لەعێراقدا، لەژێر سەرپەرشتیی بریتانیا، یەکلاکرایەوە. بێ لەوە، مەسەلەی ئەوەش کەکێ حوکمڕانیی ئەو دەوڵەتە دەکا یەکلاکرایەوەو ئیتر مەسەلە گرنگو دژوارەکە مایەوە، واتە مەسەلەی بڕیاردان لەسەر چارەنوسی هەرێمی کوردنشین. گروپی ئیدوارد نۆیلو مێژەر هاربەرت یۆنگ کەدواتر کۆلۆنێل لۆرانسیشی چوە پاڵ، دامەزراندنی حکومەتێکی سەر بەڕاوێژکارێکی بریتانیاییی لەکوردستاندا بەپێویست دەزانی بەڵام پێرسی کۆکسی های کۆمیشنەری بریتانیا لەعێراقو خاتو گرتروود بێڵ دژی ئەم پێشنیارە بونو بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کەناوچەی کوردنشین هەمیشە ناوچەیەکی گرنگ بوەو هی ئەوە نیە کە لەعێراق جیا بکرێتەوە. چەرچل پشتیوانیی لەڕاو بۆچونی گروپی یەکەم کرد بەڵام ئەم پشتیوانییەی نەگەیشتە رادەی دانانی بەرنامەیەکی دیاریکراو. لەکۆتاییدا کۆنفرەنسەکە بڕیاری دا کوردستان بەجیا بهێڵێتەوەو تا ئەو کاتەی چارەنوسی بەلایەکدا دەخرێ، لەبەر دەستی های کۆمیشنەردا بێ نەك حکومەتی عێراق[٢٦].

پاش کۆنفرەنسی قاهیرە، سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر بەعێراق رونتر بوو. دوا بەدوای ئەمە، بریتانیا دەوڵەتێکی لەسەر بنەمای دورخستنەوەی زۆرینەی شیعە لەدەسەلات پێکەوە ناو هەڵسوڕاندنی ئەو دەوڵەتەی بەکەمینەی سوننە مەزەبی عەرەب سپارد. لێرە بەدواوە بریتانیا کەوتە کارکردن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی موسڵ بەقازانجی عێراق. بەمجۆرە، لەساڵی ١٩٢٥دا کۆمەڵەی گەلان، لەژێر فشاری بریتانیا، بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراقەوە. ئەم بڕیارە لەگەوهەردا هەرێمی کوردستانی باشوری بەعێراقەوە لکاندو مافی دەرهێنانی نەوتی کوردستانی بۆ بریتانیا مسۆگەر کرد.

بەم شێوەیە، عێراق بەپێی ئەو نەخشەیە پێکهات کە کۆنفرەنسی قاهیرە هێڵە گشتییەکانی داڕشت. کۆنفرەنسی قاهیرە بێ لەوەی کە سەرەنجامەکەی بەپێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەعێراقدا کۆتایی نەهات، لەسەر ئەو بنەمایە بناغەی دەوڵەتەکەی داڕشت کەدەسەلات لەدەست کەمینەی سوننە مەزەبی عەرەبدا بێ. لەم روانگەیەوە، عێراق زادەی بەرژەوەندییە ستراتیجی‌یەکانی بریتانیایە کەبونە مایەی دورخستنەوەی شیعە لەدەسەلاتو لکاندنی کورد بەعێراقەوە.

## ئوردون[٢٧]

ئوردون دیارترین نمونەی ئەو دەوڵەتانەیە کە فاکتەری دەرەکی رۆڵی یەکلاکەرەوەی لەدروستبونیاندا هەیە. دروست کردنی ئوردون دەریدەخا کەبالادەستی‌ی هێز لێی رادەبینرێ کە لەهیچەوە شتێك بخولقێنێ.

ئەو قەڵەمڕەوەی ئەمڕۆ دەوڵەتی ئوردونی لەسەر دامەزراوە، قەڵەمڕەوێکی بێ مێژوی سیاسی‌یەو ئەو گروپە مرۆیی‌یانەی لەسەری نیشتەجێن، بەدرێژایی‌ی مێژو، رۆڵی یەکلاکەرەوەو بەبایەخیان نەبوە. پێش ١٩١٨ سەرزەمینێك کەدواتر میرنشینی رۆژهەلاتی ئوردونی لەسەر پێك هات، بەشێك بوو لەویلایەتی دیمەشقو سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو. ساڵی ١٩١٨ هێزەکانی ئنگلیزو هێزەکانی شەریفی مەککەی دۆستی هاوپەیمانەکان داگیریان کرد. کاتێك حکومەتێکی سەربەخۆ لەسوریا بەفەرمانڕەوایی‌ی فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسەین پێك هات، دەسەلاتی حکومەتەکە سەرزەمینەکانی رۆژهەلاتی روباری ئوردونیشی گرتەوە. پاش یەکەم جەنگی جیهانو دوا بەدوای راگەیاندنی ماندێتی بریتانیایی لەفەلەستین بەپێی پەیمانی ساڵی ١٩٢٠ی سان ریمۆ، ناوچەکانی رۆژهەلاتی روباری ئوردون بەو پێیەی کە بەشێکی فەلەستین پێکدێنن، ملیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی‌ی ئنگلیز کەچ کرد.

ساڵێك پاش ئەمە، ئنگلیزەکان ناوچەکانی رۆژهەلاتی روباری ئوردونیان لەفەلەستین جودا کردەوە، حکومەتێکیان بەسەرۆکایەتی‌ی رەشید بەگ تەلیع پێکەوەناو میرنشینێکیان

بەناوی میرنشینی رۆژهەڵاتی روباری ئوردونەوە بەسەرۆکایەتیی میر عەبدوڵڵای کوڕی دوەمی شەریف حوسەین تێدا دامەزراند.

یەکێ لەسەرەکیترین کارەکانی ئنگلیز پێکەوەنانی هێزی پۆلیس بوو بۆ دەوڵەتە داتاشراوەکەو لەساڵی ١٩٢٤ بەولاوە بەمیر عەبدوڵڵایان سەلماند کەهەمو کاروباری دارایی‌و سوپاییی میرنشینەکەیان پێ بسپێرێ.

کارێکی تری ئنگلیز ئەوە بوو کە دو ناوچەی مەعان‌و بەندەری عەقەبەیان پەیوەست بەئوردون کرد. ئنگلیزەکان ئەم دو ناوچەیەیان زۆر بەلاوە گرنگ بوو چونکە مەعان کەوتبوە سەر خاڵی کۆنایی هاتنی هێڵی شەمەندەفەری حیجازو دەیانویست عەقەبەش ببێتە دەروازەی میرنشینەکە بۆ سەر دەریا. لکاندنی مەعان‌و عەقەبە بەمیرنشینەکەوە، لەساڵی ١٩٢٥دا لەشاری جەددە، بەپێی پەیمانی نێوان ئوردون‌و عەرەبستان، رەنگێکی رەسمی‌و یاساییی وەرگرت.

بەمجۆرە، میرنشینەکە بەپێی نەخشەی بریتانیا، لەفەلەستینی‌یەکانی رۆژهەڵاتی روباری ئوردون‌و خێڵە چادرنشینەکانی بیابان لەژێر فەرمانڕەواییی بنەماڵەیەکی حیجازی کەڕیشەی دەچێتەوە سەر هاشمی‌یەکانی مەککە، پێکهات.

## پاکستان

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەهۆی پەرەسەندنی هۆکانی گواستنەوەو بوژانەوەی شارو بەندەرەکانەوە، بزوتنەوەی نیشتمانیی هندستان سەری دەرهێنا. پەرەسەندنی ئابوری بوە مایەی باسك ئەستوربونی چینی تازەپێگەیشتوی بورژوازی‌و دواتریش ئەم پەرەسەندنە ئابوری‌یە پەرەسەندنی سیاسی‌و دەرکەوتنی گیانی نەتەوەییی لێ کەوتەوە.

ساڵی ١٨٨٥ پارتی کۆنگرەی نیشتمانیی هندستان دامەزرا. پێش دابەشکردنی هندستان، لەنێو موسڵمانانی هندستاندا دو بەرە هەبو: بەرەی روناکبیرە ئۆرۆستۆکراتە زەویدارەکان کەپشتیوانیی لەدەسەڵاتی ئنگلیز دەکردو بەرەی پارێزگاران کە لەگەڵ بزوتنەوەی سەربەخۆییی هندستاندا هاوئامانج بوو. ساڵی ١٩٠٥ موسڵمانەکان کەپێیان وابو پارتی کۆنگرەی نیشتمانی تەنها نوێنەرایەتیی هندۆسەکان دەکا، رێکخراوێکیان بەناوی کۆمەڵەی ئیسلامی‌یەوە دامەزراند. تا ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەم موسڵمانەکان بەرنامەیەکی رۆشنیان بۆ جیابونەوە لەهندستان نەبو، تەنانەت لەساڵی ١٩٣٧دا کۆمەڵەی ئیسلامی لەکۆنفرەنسی ساڵانەیدا هیچ بانگەشەیەکی بۆ دامەزراندنی پاکستان نەکرد[٢٨]. تێڕوانینی موسڵمانەکان بۆ پەیوەندی لەگەڵ هندۆسەکاندا بەپێی پێویست رۆشن نەبو، بەڵام لەڕوانگەی موسڵمانەکانەوە، ئەگەر هندۆس، پاش سەربەخۆییی هندستان، ببنە کەڵەگای وڵات‌و موسڵمانەکان ببنە هاوڵاتیی ئاسایی، مەسەلەکە بەقازانجی موسڵمانەکان ناشکێتەوە، بەتایبەتی‌لەو

**روانگەیەوە کەموسڵمانەکان پێش هاتنی ئنگلیز بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ حوکمی هندستانیان کردبوو[٢٩].**

**ساڵی ١٩٤٠ کۆمەڵەی ئیسلامی، بەبێ تاوتوێ کردنی پێداویستییەکانی جیابونەوە، بڕیاری جیابونەوەو پێکەوەنانی پاکستانی لەویلایەتەکانی سند، بەلوچستان، پەنجاب، ولایەتی سنوری باکوری رۆژئاوا، بەنگاڵو ئاسام دا. بەمجۆرە، پاکستان لەساڵی ١٩٤٧دا لەسەر بنەمای دین دامەزرا، بەم پێودانگە بێجگە لەدینی هاوبەشی دانیشتوانەکەی، هیچ فاکتەرێکی پێکهێنەری دەوڵەتی نەتەوەیی‌ی نەبو[٣٠]. هەراو ئاشوبێك کە لەگەرمەی جیابونەوەدا رویدا کوژرانی دو سەد هەزار کەس‌و ئاوارەبونی ١٢ ملیۆن هندۆس‌و موسڵمانی لێ کەوتەوە[٣١]. لەڕاستیشدا کەرت کردنی هندستان بەپێودانگی ئاین کارێکی دژوار بوو چونکە زۆربەی ویلایەتەکان هندۆس‌و موسڵمانیان تێدا هەبو، تەنانەت لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥١ی هندستاندا دەردەکەوێ کە ٣٥,٤ ملیۆن موسڵمان کەڕێژەیان دەگاتە ٩,٩٣%ی سەرجەمی دانیشتوان، لەهندستان ماونەتەوە[٣٢].**

**لەسەر ئەم بنچینەیەدا پاکستان دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی‌ی لەڕوی ئاینەوە تەباو لەڕوی نەتەوایەتی‌یەوە ناتەبای لێ پێکهات. پاکستان بێ لەوەی کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌ی لێ دروست نەبو، بیچمیشی سەرلێشێواوی پێوە دیار بوو چونکە لەدو لەتی بێ پەیوەستی زەمینی‌ی بەهەزار میل لەیەکتری دابڕاو پێکهاتبو. پێنج نژادە سەرەکییەکەی پاکستان، ئاینی لێ بترازێ، هیچ پەیوەستیێکیان لەنێواندا نەبو، بەڵام لەو کاتەدا هەستی نەتەوەیی لەچاو هەستی ئاینی هیچ کەفو کولێکی نەبو.**

**پاکستان بۆ زاڵبون بەسەر گیروگرفتەکانی دەوڵەتێکی نانەتەوەیی‌ی بەئاین تەباو بەرەگەز ناتەبا، بانگەشەیەکی زۆری بۆ تیۆری‌ی نەتەوایەتی‌ی ئیسلامی کرد. بۆ پاکستان، یەکێ لەگەورەترین گیروگرفتەکان گیروگرفتی زمان بوو. محەمەد عەلی جەناحی دامەزرێنەری پاکستان لەوتارێکدا کەبەزمانی ئنگلیزی لەڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٤٨دا لەدەکای پایتەختی پاکستانی رۆژهەڵاتدا خوێندی‌یەوە رایگەیاند کە ((ئەگەر دەوڵەت زمانێکی یەکگرتوی نەبێ، گەل تۆکمەو پتەو نابێ))و هەر لەوێدا رایگەیاند کە لەمەودوا زمانی ئوردو دەبێ بەزمانی رەسمی‌ی پاکستان[٣٣]. گەورەیی‌ی ئەم گیروگرفتە بۆ پاکستان لەوەدا دەردەکەوێ کەزمانی ئوردو زمانێکی نیمچە مردوو بوو کە لەسەروبەندی جیابونەوەی پاکستاندا تەنها شەش ملیۆن کەس قسەیان پێ دەکرد. هەر چۆنێك بێ، ئوردو وەك زمانی کەلەپور بەپیتی عەرەبی‌و زمانی ئنگلیزی بەپیتی لاتینی کرانە دو زمانی رەسمی‌ی دانیشتوانی پاکستان چونکە نەدەکرا زمانی هیچ نەتەوەیەك بکرێتە زمانی رەسمی‌و بەسەر نەتەوەکانی تردا بسەپێنرێ.**

**بەڵام ئاین، وەك هێزێکی گرێدەر، نەیتوانی بەشێوەیەکی ریشەیی چارەسەری نەگونجانە ئیتنیکی‌یەکانی بکاو لەم**

سەروبەندەدا زۆری نەبرد ناتەبایی ڕەگەزی لەهەرێمی بەنگالدا سەری هەڵداو پاشان پاتانەکانیش کەوتنە رمێن پەیدا کردن بۆ پەشتۆنیستانو بەلوچەکان بۆ بەلوچستانی گەورە.

لەهەموی خراپتر ئەوە بوو کەپاکستان وەك دەوڵەتێك کەئاسایشو بەردەوامبون خەمە سەرەکی یەکەی پێکدێنن، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەوە کەوتە بەر دەستی جەنراڵەکانی سوپا کە تەگەرەیان لەدەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات داو دامەزراوێکیان پێك هێنا کە لەکاتی حوکمڕانیی مەدەنی یەکانیش لەپشت پەردەوە ڕێنمایی دەوڵەتی کردوە. دامەزراندنی دەوڵەتێکی موسڵمان بەجیاکردنەوەی چەند هەرێمێك لەهندستانو بەستنەوەیان بەیەکترییەوە لەسەر بناغەی ئاییندا، هیچ بناغەیەکی راستەقینە نەبو. بۆ زۆربەی خەڵکانی زەحمەتکێشی موسڵمان، ئەو دەوڵەتە هیچ پاکانەیەکی ئابوری یان سیاسیی نەبوو و زیاتر زادەی هەڵچونو سەرلێشێوان بوو[٣٤]. لەسۆنگەی ئەمەوە، ئەم مەسەلەیە زۆربەی لێکۆڵیاران هاندەدا لەئایندەی پاکستان خانەگومان بنو بۆچونێکی وایان لەلا گەڵاڵە بێ کەئەستەمە پێکهاتە سیاسی یەکانی ئەم دەوڵەتە بۆ هەتا هەتایە بەبێ گۆڕانو دەسکاری بمێننەوە[٣٥].

### ئیسرائیل

لەسەدەی نۆزدەهەمدا یەکەم هەوڵی جددی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی جولەکە بەڕێوە چو. تا ئەو کاتە لایەنە کۆمەڵایەتی یەکە یاخود ئاینی یەکەی مەسەلەکە لەبەر چاوان رونو ئاشکرا بوو، بەڵام لەنیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە لایەنە نەتەوەیی یەکە، بەرەنجی بزوتنەوەی زایۆنیستی، رمێنی پەیدا کرد. لەکتێبی ((دەوڵەتی جولەکە))دا تیۆدۆر هرتزلی دامەزرێنەری بزوتنەوەی زایۆنیستی بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کەمەسەلەی جولەکە لەگەوهەردا مەسەلەیەکی نەتەوەیی یەو چارەسەرەکەی بەوە دێتە دی کەجولەکە بۆ فەلەستین بگەڕێتەوە. بەڵام بێجگە لەگەڕانەوە بۆ فەلەستین، کەهەندێ کەس بەکارێکی دژواریان دەدایە قەڵەم، پێشنیاری تر هاتە ئاراوە، لەوانە ئاوەدانکردنەوەی هەر شوێنێك بۆ نیشتەجێ کردنی جولەکە تێیدا. ئەم چەشنە پێشنیارانە هەر بەپێشنیاری نەمانەوە، بەڵکو بەکردەوە دەست بەجێبەجێ کردنیشیان کرا، وەك ئەوەی بارۆن دی هیرش دەستی دایەو کەوتە جێبەجێ کردنی پرۆژەیەك بۆ نیشتەجێ کردنی جولەکە لەئەرژەنتینو بۆ ئەم مەبەستە کەوتە هەڵپەی کڕینی زەویوزار لەوێدا[٣٦]. بەڵام ئەم پرۆژەیە زیاتر لەدیدی ئابوری یەوە دەیڕوانی یە مەسەلەکەو لەهەوڵدانێك بۆ چاککردنی باری ئابوریی جولەکە بەولاوە هیچی تر نەبو. دی هیرش لەبۆچونەکەیدا هیچ پەراوێزێکی بۆ لایەنە مێژوییو ئاینیو وێژەیی یەکان نەهێشتبۆوەو لەسۆنگەی ئەمەوە لایەنگرانێکی زۆری چنگ نەکەوت.

لەیەکەم کۆنگرەی زایۆنیستیی ساڵی ١٨٩٧دا کە لەشاری بال لەسویسرە بەسترا، کۆنگرە ساغی کردەوە کەئامانجەکەی

پێکەوەنانی نیشتمانێکە بۆ جولەکە لەفەلەستیندا[٣٧]. بەکردەوە، کۆنگرەی بال یەکەم وێستگە بوو لەسەر ڕێی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا.

ئەگەرچی مەسەلەی هەڵبژاردنی فەلەستین بەنیشتمانی نەتەوەیی‌ی جولەکە لەڕوی تیۆری‌یەوە تاڕادەیەك یەکلا ببۆوە، بەڵام گواستنەوەی ئەم مەسەلەیە لەخانەی تیۆری‌یەوە بۆ خانەی پراکتیك، کارێکی دژوارو ئەستەمترین بەشی پرۆژە سیاسییەکە بوو. لەم ڕووەوە کۆنگرە هیچ نەخشەیەکی ڕۆشنی نەبو بەڵام ئەم مەسەلەیە لەکۆنگرەی زایۆنیستی‌ی سێیەمی ساڵی ١٨٩٩دا تا ڕادەیەك ڕۆشنایی‌ی خرایە سەر، کاتێك بڕیار درا هەوڵی جددی بۆ دابین کردنی ڕەزامەندی‌ی ئەستەمبوڵ بۆ نیشتەجێ بونی جولەکە لەفەلەستین بدرێ[٣٨]. سەرکەوتنێك کەزایۆنیستەکان لەم بارەیەوە بەدەستیان هێنا زۆر کاریگەر نەبوو، دواتر هەر ئەم مەسەلەیە بوو کەهەندێ لایەنی هاندا لەکۆنگرەی زایۆنیستی‌ی حەوتەمی ساڵی ١٩٠٥دا پێشنیاری نیشتەجێ کردنی جولەکە لەئۆگەندە بکەن، بەڵام کۆنگرە پێشنیارەکەی ڕەت کردەوەو لەئاکامی ئەمەدا نارازی‌یەکان ڕێکخراوە زایۆنیستی‌یەکەیان بەجێ هێشت و ڕێکخراوێکی تریان پێکەوەنا کەئامانجەکەی نیشتەجێ کردنی جولەکە بوو لەهەر کوێیەك بێ[٣٩].

ئەگەرچی ئەوەی زایۆنیستەکان سەبارەت بەڕازی کردنی عوسمانی‌یەکان بەنیشتەجێ بونی جولەکە لەفەلەستیندا، وەك ئەوەی نەخشەیان بۆ کێشا بوو نەهاتە دی، بەڵام لایەنی کەم توانییان هەندێ لەمەرامەکانیان بەئەنجام بگەیەنن لەوانە کڕینی زەویوزارێکی زۆر لەفەلەستین لەماوەی نێوان ١٩٠٨-١٩١٤دا[٤٠].

هەڵایسانی یەکەم جەنگی جیهان هەلی گونجاوتری بۆ زایۆنیستەکان بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان هەڵخست. زایۆنیستەکان بەسەرۆکایەتی‌ی حاییم وایزمان بەرەچاوکردنی ئەگەری لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، بەر لەوەی دەوڵەتی عوسمانی بچێتە جەنگەکەوە، لەئاستی خۆیانەوە پەیوەندییان بەبریتانیاوە کردو توانی‌یان لەنێو سیاسەتمەدارانی بریتانیادا دۆستانێکی زۆر بۆ بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ جولەکە لەفەلەستین پەیدا بکەن. بەم پێیە، جولەکە لەدژی دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانی‌ی لەگەڵ بریتانیا بەستو لەم ڕووەوە وایزمان بەرامبەر بەپشتیوانی‌ی بریتانیا لە بەدی هێنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لەفەلەستیندا، پشتگیری کردنی هاوپەیمانەکانی ڕاگەیاند[٤١].

وێستگەی دوەم لەسەر ڕێی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا، بەڵێنی بەلفۆر بوو کەبەهۆیەوە بریتانیا بەشێوەیەکی ڕەسمی، لەتشرینی دوەمی ١٩١٧دا پشتیوانی‌ی خۆی بۆ پێکەوەنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لەفەلەستیندا دەربڕی. ڕوداوەکانی دواتر یارمەتی‌ی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکەیان داو بەم

پێیە نزیکەی مانگێك پاش ئاشکراکردنی بەڵێنەکە هێزەکانی بریتانیا هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانییان لەفەلەستین وەدەر ناو دەستیان بەسەر فەلەستیندا گرت. ساڵی ١٩٢٠ پاش ئەوەی کۆنفرەنسی سان ریمۆ بڕیاری لەسەر ماندێتەکردنی فەلەستین بۆ بریتانیا داو پاش ئەوەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیارەکەی پەسند کرد، هیچ گومانێك لەسەر ئەوە نەما کەنیشتەجێ بونی جولەکە لەفەلەستین زۆر لەجاران ساناتر بوە. بەیاننامەی راگەیاندنی ماندێت چەند خاڵێکی زۆر گرنگی بۆ جولەکە تێدا بوو لەوانە سەلماندنی پەیوەندیی مێژوییی نێوان جولەکەو فەلەستین، ساغ کردنەوەی مافی جولەکە لەپێکەوەنانی دامودەزگای ئۆتۆنۆم، ئاسان کردنی کاروباری کۆچو نیشتەجێ بونی جولەکەو هی تر[٤٢]. ئەگەرچی دوابەدوای ئەمە، هەلومەرجێکی گونجاو بۆ کۆچکردنی جولەکە بۆ فەلەستین هاتە پێش، بەڵام پرۆسەی کۆچ لەبەر گەلێك هۆ یەك ریتمی بەخۆوە نەبینی. بەمجۆرە لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٢٤دا ژمارەی کۆچکەرانی جولەکە گەیشتە ٣٤٣٨٦ کۆچکەر، لەساڵی ١٩٢٧ ژمارەی کۆچکەران لە ٣٠٣٤ کۆچکەر تێنەپەڕیو لەدواییشدا بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە بەشێکی زۆری کۆچکەرەکان فەلەستینیان بەجێ هێشتو رویان کردەوە وڵاتانی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا. بەڵام لەساڵانی دواتردا تەرازوەکە راست بۆوەو دەکرێ تێبینیی ئەوە بکەین کە لەماوەی نێوان ١٩١٩-١٩٣١ دا ژمارەی جولەکە لەفەلەستیندا لە ٦٠٠٠٠ کەسەوە، واتە ٨%ی دانیشتوانەوە، بوو بە ١٧٥٠٠٠ کەس، واتە ١٧,٧%ی `مارەی دانیشتوان[٤٣].

بەشێوەیەکی گشتی، نیشتەجێ بون لەفەلەستین کارێکی ئاسان نەبو، بەتایبەتی کەدانیشتوانی عەرەب زۆر بەسەختی بەرپەرچی نیشتەجێ بونی جولەکەیان دایەوەو گۆبەندێکی زۆریان بۆ بریتانیاو جولەکە نایەوە. سەرەڕای ئەمە، بزوتنەوەی زایۆنیستی بەپەیڕەوی کردنی تاکتیکی کڕینی زەویوزارو هاندانی جولەکە بۆ نیشتەجێ بون، سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا. لەم سەروبەندەدا هاتنە سەرکاری هتلەر لەئەڵمانیا لەساڵی ١٩٣٣دا، بەلێشاو کۆچکردنی جولەکە ئەڵمانەکانی بۆ فەلەستین لێ کەوتەوە. بەم پێیە، لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٣٢دا ژمارەی جولەکەی کۆچکەری ئەڵمان تەنها بە ٣٥٢ کەس مەزەنە دەکرا، لەساڵی ١٩٣٣دا ٥٣٩٢ جولەکەی ئەڵمان لەفەلەستیندا نیشتەجێ بون[٤٤].

بۆ جولەکە مەسەلەی کۆچکردن بۆ فەلەستین مەسەلەیەکی ژیانی بوو. ئەوە جێی سەرنجە کەکاتێك بریتانیا لەنیسانی ١٩٤٧دا رایگەیاند کە بەنیازە کۆتایی بەماندێت کردنی فەلەستین بێنێ، نزیکەی سێیەکی دانیشتوانی فەلەستین جولەکە بون، سپاردنی مەسەلەکە بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دوراییەکی نێودەوڵەتیی پێدا. بەم پێیە، کۆمیسیونێکی تایبەت بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکەو پێشکەش کردنی راسپاردە لەیانزە

ئەندام پێکهات. کۆمیسیونی تایبەت لەم بارەیەوە دو پرۆژەی خستە بەر چاو، یەکێکیان پرۆژەی زۆرینە بوو کەبانگەشەی بۆ دابەشکردنی فەلەستین بۆ دو دەوڵەت کردو ئەوی تریان پرۆژەی کەمینە بوو کەپێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی فدرالی کرد[٤٥].

لەکۆبونەوەی ٢٥ی تشرینی دوەمی ١٩٤٧دا کۆمیتەی تایبەتی فەلەستین دەنگی بۆ پرۆژەی دابەش کردنی فەلەستین دا. پرۆژەکە پاش سێ مانگ گفتوگۆو تەتەڵەکردن، خرایە بەردەمی کۆمەڵەی گشتییەوە. لەکۆمەڵەی گشتیدا پاش گفتوگۆیەکی گەرمو گوڕ کەسێ رۆژی خایاند، لە ٢٩ی تشرینی دوەمدا پرۆژەکە بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا[٤٦].

لە ١٥ی ئایاری ١٩٤٨دا، رۆژێك پاش بڵاوبونەوەی بڕیاری کۆتایی هێنانی بریتانیا بەماندێت کردنی فەلەستین، جولەکە لەو ناوچانەدا کەبڕیارەکە بەجولەکەی دابوو، دەوڵەتی ئیسرائیلیان راگەیاند.

## لیبیا[٤٧]

بیرۆکەی دەوڵەت لەلیبیا لەچەندین لاوە لەوەی عیراق دەچێ، بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کەفاکتەری دەرەکی نەخشی سەرەکیی لەپەیدابونیدا هەبوە. لەلیبیا، وەك ئەوەی عیراق، مێژوی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەی سەدان ساڵ بۆچونی وای تێدا هەڵنەکەوت کەولات پێویستی بەدەسەڵاتێکی گشتییە. ئەمە ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە کەهەستی لیبیاچێتی زۆر درەنگ سەری دەرهێنا. لەسۆنگەی ئەمەوە، دەبینین مێژوی سیاسیی لیبیا، وەك گەلێك وڵاتی لەبابەتی عێراقو ئەرتریا، زۆر درەنگ دەست پێدەکا.

لەلیبیا ئاین رۆڵێکی دوفاقەی لەپەرەسەندنی هۆشیاریی نیشتمانیدا بینی. بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی کەلیبیا تێیدا بەشێك بوو لەقەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، ئاین رۆڵی یەکلاکەرەوەی لەدەرنەکەوتنی هۆشیاریی نیشتمانیدا بینیو بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەگەرەی لەگەڵاڵەبونی هەستی لیبیاچێتی دا. بەڵام پاش ئەوەی ئیتالیاییەکان لیبیایان داگیر کرد، ئاین بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر رۆڵێکی کاریگەری لەگەڵاڵە کردنی ناسنامەی نیشتمانیدا بینی.

مێژوی سیاسیی لیبیا بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمو وردتر بۆ ساڵی ١٩١١، لەگەڵ بەڕێوەچونی هێرشی ئیتالیا بۆ سەر لیبیا، دەگەڕێتەوە. بەر لەوەی ئەم هێرشە بەڕێوە بچێ، ئەستەمە روخساری هیچ مێژویەکی سیاسی لەلیبیا ببینین. سەردەمانێك کەلیبیاییەکان لەژێر دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکاندا بون، هەست بەپێویستیی پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، لەبەر ئاستی نزمی پەرەسەندنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانو کاریگەریی هاودینیی تورکو عەرەبە لیبیاییەکان، بەهیچ شێوەیەك لەکایەدا نەبو. هێرشی ساڵی ١٩١١ی ئیتالیای مەسیحی هەستی ئاینیی لیبیاییە موسڵمانەکانی روشاند. ئەوەی لەهەمو شتێك

زیاتر بوە هۆی سەرسوڕمانی لیبیاییەکان شکستی کەمەرشکێنی دەوڵەتی عوسمانیو سەرکەوتنی خێراو کتوپڕی ئیتالیاییەکان بوو. دواتریش، ئەوەی زیاتر لیبیاییەکانی دڵگران کرد، دەست هەڵگرتنی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەشێوەیەکی رەسمی لەلیبیا بۆ ئیتالیا لە ١٢ی ئوکتۆبەری ١٩١٢دا. خۆڕاگرییەك کەلیبیاییەکان لەهەرێمی تەرابلس(تریپۆلیتانیا) بەسەرکردایەتیی سلێمان پاشا بارونی نواندییان، هیچی لێ نەکەوتەوەو خودی بارونی لەساڵی ١٩١٣دا، پاش بێ ئومێدبون لەبەرگری، لیبیای بەجێ هێشتو روی کردە ئەستەمبوڵ.

پاش یەکەم جەنگی جیهان بۆچونێك کە لەژێر کاریگەریی سیاسەتی ولسنی سەرۆکی ئەمریکادا، لەئیتالیا سەبارەت بەلیبیا برەوی سەند، سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بوو. بەم پێودانگە، چەند هەنگاوێك بۆ پەیداکردنی هەندێ دەزگای ئۆتۆنۆم لەهەرێمەکانی سیرنیکاو تەرابلس نراو بڕیار درا بۆ هەر هەرێمێك حکومەتێکی خۆماڵیو ئەنجومەنێکی یاسادانان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆجێ پێکەوە بنرێ. بەڵام ئەو ئۆتۆنۆمییە، پاش هاتنە سەرکاری حکومەتی فاشستەکان لەئیتالیا، تەنها تا ساڵی ١٩٢٣ بڕی کردو لێرە بەدواوە پەیوەندیی نێوان لیبیاییەکانو رۆما تا دەهات زیاتر گرژیی تێ دەکەوت.

شکستی ئۆتۆنۆمیی سیرنیکاو تەرابلسو هەڵسوڕانی پڕ زەبروزەنگی ئیتالیاییەکان، تارادەیەك رۆڵی دیاری لەگەڵاڵەکردنی هەستی لیبیاچێتی لەلای سیرنیکاییو تەرابلسییەکاندا هەبو. بەهۆی ئەمەوە، لەسەرەتای دەسپێکی دوەم جەنگی جیهاندا سەرانی هەردو هەرێم پەییان بەپێویستیی هاوکاری بردو لەکۆتاییی ساڵی ١٩٣٩دا لەکۆبونەوەکانی ئەسکەندەریە سەید ئیدریس سنوسییان بەرابەری هەردولا هەڵبژارد.

لیبیاییەکان بۆ رزگاربون لەئیتالیا ئومێدیان بەبریتانیا بوو و لەم سەروبەندەدا پەیمانیان دابو کەئەگەر جەنگ هەڵایسا، لەسەنگەری هاوپەیمانەکاندا دەبن. بەڵام لەهەمان کاتدا لیبیاییەکان لەدودڵیدا دەژیان چونکە بەشێکی سەرانی تەرابلس لەو بڕوایەدا بون کەدەوڵەتانی تەوەر جەنگەکە دەبەنەوەو هاوپەیمانان لەبارێکی وادا نین کەپشتیان پێ ببەسترێ. لەم سەروبەندەدا بریتانیا هێزێکی لەلیبیاییەکان نیشتەجێی میسر بەناوی هێزی عەرەبەوە پێکهێنا.

جەنگەکە ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە کەلیبیا کەوتە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیاوە. ئەگەرچی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئیتالیا لەلیبیا، ئەو هەلەی بۆ لیبیاییەکان رەخساند کەرۆڵیان لەهەڵسوڕانی وڵاتدا هەبێ، بەڵام لەمەسەلەی دیاریکردنی چارەنوسی سیاسیی

لیبیادا لیبیاییەکان هیچ رۆڵێکیان نەبوو، بەڵکو یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە خرایە ئەستۆی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە.

بۆ یەکەم جار مەسەلەی لیبیا لەدوەمین کۆبونەوەی سێیەمین خولی کۆمەڵەی گشتیدا لەساکس لیك لەنیسانی ١٩٤٩دا بەتێروتەسەلی لێدوانی لەسەر کراو لەو کۆبونەوەیەدا نوێنەرانی ئیتالیاو لیبیا ئامادە بون. لەو کۆبونەوەیەدا چوار بۆچون سەریان هەڵدا: یەکەم، بۆچونی یەکێتیی سۆڤێت کەپێی وابو ئاشتیو ئاسایشی ناوچەکە پێویست بەکشانەوەی هێزەکانی بریتانیا لەلیبیاو سپاردنی مەسەلەی پاراستنی ئارامیی لیبیا بەنەتەوە یەکگرتوەکان دەکا. دووەم، بۆچونی بریتانیاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کەپێیان وابو مانەوەی پایەگاکانی بریتانیا لەسیرنیکاو تریپۆلیتانیا بۆ سەقامگیرکردنی ئارامیو ئاشتی شتێکی پێویستە. سێیەم، بۆچونی میسر کەداکۆکیی لەسەلماندنی سەربەخۆیی لیبیا دەکردو چوارەم، بۆچونی وڵاتانی ئەمریکای لاتین کەماندێتەکردنی لیبیایان بۆ ماوەی دە ساڵ بەپێویست دەزانی.

بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بۆچونە جیاوازانە، کۆمیتەیەکی لاوەکی پێکهات. بەڵام هێشتا کۆمیتەکە کاری خۆی بەئەنجام نەگەیاند بوو کاتێك بریتانیاو ئیتالیا پلانی بیڤن سفۆرزایان راگەیاندو تێیدا بڵاویان کردەوە کەهەردولا لەسەر ئەوە رێککەوتون کەماندێتەکردنی سیرنیکا لەساڵی ١٩٥١ بەدواوە بەئیتالیا بسپێردرێ، بەمەرجێك بریتانیا لەڕوی سوپاییەوە کۆنترۆڵی ناوچەکە بکا، هەرێمی فەزانیش بخرێتە بەر ماندێتی فەرەنساییەوە. پلانەکە وای دانابو کەدوای دە ساڵ لەسەپاندنی ماندێت، سەربەخۆیی بەلیبیا بدرێ.

رێك نەکەوتنی هێزە گەورەکان لەسەر چارەنوسی لیبیا، رێی بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی لیبیا خۆشکردو بەم پێیە لەئوکتۆبەری ١٩٤٩دا نەتەوە یەکگرتوەکان هەر سێ هەرێمی سیرنیکا، تریپۆلیتانیاو فەزانی وەك وڵاتێکی سەربەخۆ ناساند.

## کوێت

لەبەر گەلێك هۆ، لەوانە جوگرافیا، تا درەنگانێکی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم مەرجەکانی نیشتمان، بەو مانایەی کەئەمڕۆ لامان باوە، ئەستەمە لەکوێتدا ببینرێن. کوێت بۆ ماوەیەکی دورو درێژ وەك خاکێکی بێ دانیشتوان مایەوە. سەرزەمینەکەی، بەوەی کە لەدەشتی زیخەڵانو هەندێ تەپۆڵکە پێکدێو هیچ روبارو کانیاوێکی لێ نیە[٤٨]، کەڵکی کشتوکاڵی نەبوەو ئەم رواڵەتە خێڵەکانی هان نەداوە لەزووەوە تێیدا نیشتەجێ بن.

یەکەم گروپ کە لەکوێتدا نیشتەجێ بوو، چادرنشینو ماسیگر بون[٤٩] کەزۆربەیان بەڕیشە دەچونەوە سەر خێڵی بەنی خالد. لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا بەرەبابی هەندێ خێڵ لەنەجدەوە رویان کردە کوێتو تێیدا نیشتەجێ بون لەوانە ئال سەباح، ئال

خەلیفەو هی تر[٥٠]. ساڵی ١٧٥٦ شێخ سەباحی کوڕی جابر میرایەتی‌یەکی بچوکی لەکوێتدا دامەزراندو لێرە بەدواوە مێژوی سیاسی‌ی کوێت دەستی پێ کرد. بەڵام گیروگرفتی سەرەکی‌ی ئەو میرایەتی‌یە نەبونی مەرجەکانی مانەوەو بەردەوام بون بوو. ئەمەش هەمیشە وای لەمیرنشینەکە کرد لەمەراقی مانەوەدا بژی.

دەشێ مێژوی سیاسی‌ی کوێت تا سەربەخۆیی بەسەر دو بەشدا دابەش بکەین، بەشی یەکەم لەمیرایەتی‌ی شێخ سەباحی کوڕی جابرەوە تا ساڵی ١٩١٣و ئەوی تر لە ١٩١٣ ـەوە تا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەساڵی ١٩٦١دا.

**١- لەمیرایەتی‌ی شێخ سەباحەوە تا ١٩١٣[٥١]:**

تا ١٩١٣ چارەنوسی کوێت بەهەڵپەسێردراوی مایەوە، نە میرنشینێکی سەربەخۆ بوو و نە بەتەواویش سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو. بارودۆخەکەی زیاتر لەبارودۆخی بەدرخانییەکان دەچو کەئۆتۆنۆمییان بۆ ناوچەیەکی بەرفراوان دابین کردبو.

بەدرێژایی‌ی ئەو ماوەیە، سەرانی ئال سەباح هەوڵیاندا پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی‌دا پێك بێننو ئۆتۆنۆمی‌ی میرنشینەکەشیان بپارێزن. هەر لەو سەروبەندەشدا کوێت لەسەردەمی سێیەم میری‌دا، شێخ جابری یەکەم، بۆ کوژاندنەوەی یاخیبونی خەڵکی زوبێر لەساڵی ١٨٣٦داو گرتنەوەی موحەممەرە لەساڵی ١٨٣٧داو پاراستنی بەندەری بەسرە لەساڵی ١٨٤٥دا، یارمەتی‌ی عوسمانییەکانی دا.

بەڵام کاتێك والی‌ی بەغدا نامق پاشا لەساڵی ١٨٦٦دا ویستی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەت بەسەر کوێتدا بسەپێنێ، ئال سەباح لەترسی لەدەسدانی دەسکەوتە بازرگانییەکانیان زۆر بەتوندی بەرەنگاری‌ی ئەو هەوڵە بونەوە. دواتر، سیاسەتی عوسمانییەکان لەسەردەمی مەدحەت پاشادا، سەبارەت بەهێشتنەوەی قەوارە خۆماڵییەکانی ناوچەکانی کەنداوی فارس، تەنانەت لەگەرمەی هەوڵدانیش‌دا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەت، نەختێك نەرمی‌ی بەخۆوە بینی. لەئاکامدا کوێت لەو ماوەیەدا ئۆتۆنۆمی‌یەکەی خۆی لەدەست نەدا. ئەگەرچی کوێت لەساڵی ١٨٧٠دا بەفەرمانی مەدحەت پاشا بوو بە بەشێکی سەر بەویلایەتی بەسرەو شێخەکەشی، عەبدوڵڵای کوڕی سەباح، کرایە قایمقام، بەڵام ئۆتۆنۆمی‌یەکەی درێژەی کێشاو تەنانەت ئەوەشی بۆ سەلێنرا کەهیچ باجو رەسمێك نەداتە دەوڵەت.

تا ئەو کاتە بریتانیا دانی بەوەدا نابو کەکوێت بەشێکی دەوڵەتی عوسمانی پێك دێنێ بەڵام لەکۆتایی‌ی سەدەی نۆزدەهەمدا، پاش پەرەسەندنی هەوڵەکانی ڕوسیاو ئەڵمانیا بۆ درێژکردنەوەی نفوزیان تا سەر کەنداوی فارسو هەوڵی ڕوسیا بۆ ڕاکێشانی هێڵێکی شەمەندەفەر لەبەندەری تەرابلسەوە تا کوێتو هەوڵی ئەڵمانیا بۆ ڕاکێشانی هێڵێکی شەمەندەفەر لەبەرلینەوە تا کوێت، بریتانیا ناچاربو بەهەڵوێستی جارانی خۆیدا بچێتەوەو هەوڵ بدا کوێت لەدەوڵەتی عوسمانی بقرتێنێ.

سالّی **١٨٩٩** بریتانیا بەشێوەیەکی نهێنی ڕێککەوتننامەی لەگەڵ شێخ موبارەکی میری کوێتدا مۆر کردو بەهۆیەوە کوێت بوو بەپارێزگایەکی بریتانیایی. کاتێك ئەستەمبۆڵ بەڕێککەوتننامەکەی زانی، نارەزایی دەربڕیو کەوتە هەڵپەی لەکارخستنی شێخ موبارەك. لەم سەروبەندەدا بریتانیا پشتیوانیی خۆی بۆ شێخی کوێت ڕاگەیاندو کەوتە هەوڵدان بۆ کێشانی سنوری میرایەتییەکە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. ئەم هەوڵە خۆی لەخۆیدا ڕەنگدانەوەی پێداگرتنی بریتانیا بوو لەسەر پێکەوەنانی قەوارەیەکی سیاسی لەکوێتدا.

سالّی **١٩١٣** بریتانیا دەسکەوتێکی گرنگی بەدەست هێنا، کاتێك بەڵێنی لەشێخی کوێت وەرگرت کە بەبێ پرس کردن بەبریتانیا مافی دەرهێنانی نەوت بەکەس نادا. هەر لەو ساڵەشدا بوو کەئنگلیز لەلەندەن ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانیدا مۆر کردو تێیدا دانیان بەوەدا نا کەکوێت بەخشێکی سەر بەدەوڵەتی عوسمانییەو دەوڵەتی عوسمانیش دانی بەڕێککەوتننامە مۆرکراوەکانی نێوان بریتانیاو میری کوێتدا ناو ئۆتۆنۆمیشی بۆ میرنشینەکە سەلماند.

**٢- قۆناغی ١٩١٣-١٩٣٨:**

لەجەنجاڵی یەکەم جەنگی جیهاندا شێخ موبارەك پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا پچڕاند[٥٢] و زیاتر بەلای بریتانیادا دایشکاند. جەنگەکە بەجۆرێك کۆتایی هات کەقازانجی کوێتی تێدا بوو چونکە جەنگ لەناوچونی ئەو دەوڵەتەی لێ کەوتەوە کەهەمیشە بۆ کوێت مایەی ترسو دڵەڕاوکێ بوو. لەپەیمانی سالّی **١٩٢٣**ی لۆزاندا تورکیا دەستی لەهەمو مافو سەروەرییەکانی خۆی لەجیهانی عەرەب، لەوانە کوێت، هەڵگرت[٥٣]. بەڵام لێرە بەدواوە مەسەلەی ئایندەی کوێت هاتە پێشو چەند پێشنیارێك سەبارەت بەلکاندنی بەعێراقەوە یان بەنەجدەوە یان سەلماندنی وەك شێخ نشینێکی سەربەخۆ لەژێر چاودێریی بریتانیا سەریان هەڵدا، بەتایبەتیکە کوێت هیچ سنورێکی مێژوییی وای نەبو کە لەدەرو دراوسێکانی جیا بکاتەوە. بەڵام وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ئەو بۆچونەی پەسند کرد کەکوێت بخرێتە ژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی بریتانیاوەو پەرە بەپەیوەندییەکانی نێوان بریتانیاو عێراقی ماندێتە کراودا بدرێ[٥٤].

لەکۆنفرەنسی سالّی **١٩٢٢**ی عەقیر کە بەسەرپەرشتیی بریتانیا لەنێوان عێراقو نەجد بەسترا، بریتانیا کە لەوێدا نوێنەرایەتیی کوێتی دەکرد، سنوری کوێت-نەجدو کوێت-عێراقی دیاری کرد[٥٥].

لەسالانی سیی سەدەی بیستەمدا کوێت هەمیشە لەدڵەڕاوکێی لکاندنی بەعەرەبستانی سعودییەوە یان بەعێراقەوە دەژیا بەڵام ئەوەی کوێتی لەو چارەنوسە ڕزگار کرد، بریتانیا بوو کە لەم ڕووەوە هەم بەرپەرچی عەرەبستانی سعودیی دایەوەو هەم بەرپەرچی

عێراقی دایەوە، بەتایبەتی کە لەساڵی ١٩٣٨دا گەورەترین چاڵگەی نەوت لەجیهاندا لەناوچەی بەرقانی کوێت دۆزرایەوە[٥٦].

ساڵی ١٩٦١، پاش ٦٢ ساڵ لەمۆرکردنی رێککەوتننامەی ساڵی ١٨٩٩ی نێوان بریتانیاو کوێت، سەربەخۆیی‌ی کوێت راگەیەنرا. بەڵام ئەم راگەیاندنی سەربەخۆیی‌یە، بۆ کوێت سەرەتای سەرهەڵدانی گێروگرفتی تر بوو.

## بەنگلادیش

مێژوی تازەی بەنگلادیش دو جیابونەوەی چارەنوسسازی بەخۆوە دیوە: یەکەمیان لەساڵی ١٩٤٧دا، لەژێر کاریگەری‌ی تینو تاوی هەستی ئاینی، بۆ جیابونەوە لەهندستانو پێکەوەنانی دەوڵەتی پاکستانو دوەمیان لەساڵی ١٩٧١دا، لەژێر کاریگەری‌ی تینو تاوی هەستی نەتەوەیی، بۆ جیابونەوە لەپاکستان کەسەرەنجامەکەی پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ کەوتەوە.

هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەبەنگالەکان پاش جیابونەوە لەهندستان، بیریان لەجیابونەوە لەپاکستان کردبێتەوە. بەڵام دو هۆ رۆڵی کاریگەریان لەبرەوسەندنی هەستی پەنگالچێتی‌دا گێڕا، یەکەم، جوگرافیا کەهەرێمی بەنگالی کردبوە دورترین هەرێمی پاکستان لەناوەندەوەو دوەم، نایەکسانی‌ی سیاسی لەپاکستاندا.

یەکەمین پێکادان لەنێوان ناوەندو بەنگالدا لەسەر مەسەلەی زمان رویدا. ئەگەرچی ناوەند بۆ خۆدەربازکردن لەگێروگرفتی نەبونی زمانی نەتەوەیی‌ی رەسمی لەپاکستاندا، زمانی ئوردوو و ئنگلیزی‌ی کردبوە زمانی رەسمی، بەڵام بەنگالەکان داوایان کرد زمانی بەنگالی وەك زمانی رەسمی‌ی لەتی رۆژهەڵات بناسرێ. زمانی ئوردو کە لەگەوهەردا زمانی کەمینەو تێکەڵە بوو لەزمانەکانی فارسی، تورکی، هندیو عەرەبی، هیچ پەیوەستێکی روحی‌ی لەگەڵ بەنگالەکاندا نەبو. سەرەڕای ئەمە، ناوەند کە سڵی لەم داوایە دەکردەوە، لەترسی لێك ترازانی پاکستان وەك دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی، داواکەی رەت کردەوە. سەبارەت بەپۆستە سەرەکی‌یەکانیش، بەنگالەکان هەستیان بەنایەکسانی دەکردو پێیان وابو پەنجابی‌یەکان زۆربەی پۆستە سەرەکی‌یەکانیان بۆ خۆیان پاوان کردوە. لەدیدی بەنگالەکانەوە چۆنێتی‌ی دابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتی پاکستاندا بەپێی رێژەی سەدی بەمجۆرە بوە: خزمەتگوزاری‌ی کارگێڕان ٨٤ بە ١٦، سێرڤسی هەندەرانی وەزارەتی دەرەوە ٨٥ بە ١٥، باڵوێزەکانو سەرانی کۆمیسیونەکانی دەرەوە ٩٥ بە ٥، سوپا(جەنراڵەکانی پلە یەك) ١٦ کەس بەرامبەر یەك کەس، کارمەندانی هێزی دەریایی ٨١ بە ١٩، فڕۆکەوانانی هێزی ئاسمانی ٨٩ بە ١١، ستادی هاوبەشی سەرجەمی هێزە چەکدارەکان ٥٠٠,٠٠٠ کەس بەرامبەر بە ٢٠,٠٠٠و کارمەندانی هێڵی ئاسمانی ٧٠٠٠ کەس بەرامبەر بە ٢٨٠[٥٧]. لەناوەڕاستی پەنجاکاندا سەرەڕای هەوڵی سوپا بۆ خۆنواندن وەك هێزێکی سەرتاسەری، بەنگالەکان تەنها ٢٪ی هێزی زەمینی‌یان پێکدەهێنا[٥٨]. ئەم نادادی‌یە رۆشنتر دێتە

بەرچاو، ئەگەر ئەوە بزانین کە بەنگالەکان کەمینە نەبون، بەڵکو لەڕاستیدا زۆرینە بونو ئەوە بۆ خۆی نیشانەیە کە ژمارەیان لەنیوەی ژمارەی دانیشتوانی هەمو پاکستان زیاتر بوو.

جیاوازی‌یەکی تری ریشەیی، مەسەلەی زەوی بوو. لەکاتێکدا لەپاکستانی رۆژئاوادا سیستمی دەرەبەگایەتی زاڵ بوو وکاروباری سیاسی، لەلایەن زەویدارانو جەنراڵەکانەوە بەڕێوە دەچو، خەڵکی پاکستانی رۆژهەڵات لەڕوی سیاسییەوە بەئاگاترو هۆشیارتر بونو لەم سۆنگەیەوە لەوێدا دەسەڵاتی رەهای زەویدارانو دەرەبەگەکان بەئاسانی بەڕێوە نەدەچو[٥٩].

لەم سەروبەندەدا موجیبی رەحمانی سەرۆکی پارتی عەوامی‌ی بەنگال لەدوتوێی بەرنامەیەکی شەش خاڵی‌دا داوای ئۆتۆنۆمی‌ی بۆ هەرێمی بەنگال کرد بەڵام سوپا ئەم بەرنامەیەی بەبەرنامەیەکی جیاخواز دایە قەڵەم[٦٠].

ساڵی ١٩٧٠موجیبی رەحمان لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا، بەپشت بەستن بەزۆری ژمارەی دانیشتوانی بەنگال، زۆربەی کورسی‌یەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنا. ئیتر لێرە بەدواوە گرژی نێوان ناوەندو بەنگال گەیشتە لوتکە. ناوەند بەبیانوی پاراستنی یەکپارچەیی‌ی هەرەشەلێکراوی پاکستان، رەشبگیرو رەشەکوژییەکی سامناکی لەهەرێمی بەنگالدا دەست پێ‌کرد، مەسەلەکە بەرگی جینۆسایدی کردە بەرو نزیکەی دە ملیۆن کەسێك لەترسی کوشتن رایانکردە هندستان. لەو هەراو ئاشوبەدا هندستان پشتی نیشتمانپەروەرە بەنگالەکانی گرتو بەزەبری هێز پشتوانی‌ی لەهەوڵو کۆششیان بۆ جیابونەوە لەپاکستان کرد. بەمجۆرە، بەنگلادیش پاش شەڕێکی سەخت، بەپشتیوانی‌ی هندستان، لەساڵی ١٩٧١دا لەهندستان جیابۆوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆی تێدا دامەزرا.

### ئەرتریا[٦١]

مێژوی ئەرتریا هیچ جۆرە دەوڵەتێکی تێدا نیەو دانیشتوانەکەی تاسەرەتای سەدەی بیستەم چەشنێکی سەرەتایی‌ی ژیانیان بردۆتە سەر کەبڕبڕە سەرەکی‌یەکەی، راوو ئاژەڵداری بوە. لەوێ دو هۆ رۆڵی سەرەکییان لەپەیدا نەبونی بیرۆکەی دەوڵەتدا بینیوە. یەکێکیان نەبونی مێژوی سیاسی‌ی تایبەتەو ئەوی تریان پەراگەندەیی‌ی کۆمەڵی فرە زمان، فرە خێڵ، فرە ئاینو فرە رەگەزی ئەرترییایە. لەسۆنگەی ئەمەوە، بیرۆکەی دەوڵەت کەپێویستی بەئاستێکی باڵای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی هەیە، تەنها لەنیوەی دوەمی سەدەی بیستەمدا بەڕونی دەکەوێتە بەرچاو.

سنورێك کە بەمیرات بۆ ئەرتریا ماوەتەوە، ئەرتری‌یەکان هیچ رۆڵێکیان لەکێشانی‌دا نەدیوە. سنوری ئەرتریا لەگەڵ سودانو ئەسیوپیا پەیوەندی‌ی بەڕیزە رێککەوتنێکەوە هەیە کە لەماوەی نێوان ١٨٩١تا ١٩٠٨ لەنێوان ئیتالیا، بریتانیاو میسردا مۆر کراون. تاکە رۆڵی سیاسی‌ی گرنگ کەئەرتریا لەسەدەی

نۆزدەهەمدا بەخۆیەوەی بینیوە، ئەوە بوو کە لەو ماوەیەدا ببوە بنکەیەك بۆ پەلهاوێشتنی ئیتالیا بەرەو ئەفریقیا. بەڵام هەژاری لەڕادەبەدەری ئەرتریاو دەسنەدانی بۆ سەرمایەگوزاریی ئیتالیایی کارێکی وای کرد ببێ بەبارێکی گران بەسەر ملی ئیتالیاوە، بەڕادەیەك کەئیتالیا چەند جارێك کەڵکەڵەی ئەوەی هاتە سەر کەبەجێی بێڵێ.

ساڵی ١٩٣٦ ئیتالیاییەکان توانییان دەست بەسەر ئەسیوپیادا بگرن بونیان بەلایەنێکی دوژمن بەهاوپەیمانەکان لەدوەم جەنگی جیهاندا، بریتانیای هاندا لەساڵی ١٩٤١ دەست بەسەر ئەرتریادا بگرێو لەوێوە ئەسیوپیا لەهێزی ئیتالیاییەکان پاك بکاتەوە.

یەکەم گوزارشت لەئارەزوی سیاسیی دانیشتوانی ئەرتریا، بۆ ساڵی ١٩٤٨دەگەڕێتەوە، کەگوزارشتێکە ئاماژە بەبونی هەستێکی نەتەوەییی لاواز دەکا. لەو ساڵەدا کۆنفرەنسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە زلهێزەکان کۆمیسیۆنێکی چوار قۆڵیی بۆ زانینی ئارەزوی دانیشتوانی ئەرتریا بۆ ئەرتریا نارد. بۆ کۆمیسیونەکە دەرکەوت کەئەرترییەکان سەبارەت بەیەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسییان یەکدەنگ نینو لەم بارەیەوە مەسیحییەکان بەلایانەوە ئاسایی بوو کەلەگەڵ ئەسیوپیای مەسیحیدا یەك بگرنەوە، لەکاتێکدا موسڵمانەکان سڵیان لەوە دەکردەوە کەببنە هاووڵاتیی دەوڵەتێکی مەسیحی. لەسۆنگەی ئەم نایەکدەنگییەوە، مەسەلەکە برایە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.

لەکۆمەڵەی گشتیدا٣بۆ چون سەبارەت بەچارەنوسی سیاسیی ئەرتریا سەریان دەرهێنا. لەم روەوە ئیتالیاو ئەسیوپیا هەر یەکەیان بەجیا، داوایان کرد ئەو وڵاتەیان پێ بدرێ، لەکاتێکدا بلۆکی ڕۆژهەڵاتو بلۆکی ڕۆژئاوا داوای سەربەخۆییان بۆ کرد. لەم نێوانەشدا پێشنیاری دابەشکردنی بەسەر ئەسیوپیاو سودان دا سەری دەرهێنا: لەتە موسڵمان نشینەکەی ڕۆژئاوا بۆ سودانو لەتە مەسیحی نشینەکەی ڕۆژهەڵات بۆ ئەسیوپیا.

ساڵی ١٩٥٢دیسان٣پێشنیاری تر سەبارەت بەچارەنوسی سیاسیی ئەرتریا سەریان دەرهێنا. یەکێکیان پێشنیاری سەربەخۆییی بۆ کرد بەڵام ئەم پێشنیارە لەبەر لاوازیی ئابوریی ئەرتریا سەری نەگرت. ئەوی تریان داوای کرد بدرێتەوە بەئیتالیاو سێیەمیان بانگەشەی بۆ پێکەوەنانی فدراسیونێکی ئەسیوپیایی-ئەرترییایی کرد.

تا ئەو کاتە بیری سەربەخۆیی رەگی دانەکوتا بوو. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کەگەورەترین دو حزبی ئەرتریا هیچ هەستێکی جددییان بەلای سەربەخۆییدا نیشان نەدەدا، لەم بارەیەوە حزبی یەکێتی بانگەشەی بۆ یەکگرتن لەگەڵ ئەسیوپیا دەکردو حزبی برال کەزیاتر دیدێکی ئیسلامیی هەبو، لەو روانگەیەوە بانگەشەی بۆ سەربەخۆیی دەکرد کەئەرتریا نەبێ بەبەشێك لەدەوڵەتێکی

مەسیحیو ئەوەی دەشێ بەبەڵگەیەك لەسەر كۆسمۆپۆلیتیی ئەو حزبە بژمێردرێ ئەوەیە كەحزبەكە لاریی لەوە نەبو كەئەرتریا بەسودانی موسڵمان نشینەوە بلكێنرێ. بەلآم سەرەڕای هەمو شتێك ئەرتریا وەك هەرێمێك لەچوارچێوەی فدراسیۆنی ئەسیوبیا خرایە سەر ئەسیوپیا. بەلآم ئەم فدراسیونە لەدە ساڵ زیاتری نەخایاند چونكە ئەدیس ئەبابا وردە وردە ئۆتۆنۆمیی ئەرتریای كلۆر كردو دواتر، لەساڵی ١٩٦٢، بەرەسمی هەڵیوەشاندەوە.

جێی سەرنجە كەلەسەرەتای شەستەكاندا یاخیبونی چەكدار لەدژی ئەسیوپیا لەئەرتریا دەستی پێكرد. ئەمە خۆی لەخۆیدا سەرەتای چەكەرەكردنی راستەقینەی بیری سەربەخۆخوازی بوو. بەلآم لەم بارەیەوە تێبینی كراوە كەئەو یاخیبونە زیاتر گوزارشتی لەڕای موسڵمانەكان دەكرد كەهەر لەسەرەتاوە لەمەرامەكانی ئەسیوپیای مەسیحی خانەگومان بون. مەسیحییەكان تاسەرەتای حەفتاكان دورە پەرێز بون. پێكەوەنانی بەرەی گەل بەسەرۆكایەتیی ئەسیاس ئەفوركیو بەشداربونی لەجەنگی دژی ئەسیوپیادا، ئەو مانایەی هەبو كە لەمەودوا موسڵمانەكانو مەسیحییەكان پێكەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ هەوڵ دەدەن. لەسەرەتای نەوەدەكاندا، ئەرتریا پاش دەوروبەری ٣٠ساڵ شەڕ، لەئەسیوپیا جیا بۆوە.

### كوردستان

مێژوی كوردستان دەوڵەتی سەرانسەریی تێدا نیە. بەلآم هەلومەرجی كوردستان، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەتۆبۆگرافیای زەویو ئاووهەواوە هەیەو وردتر دژواریی هاتوچۆو پەیوەندی بەیەكتری كردن، روبارە هاوتەریبەكان، سەختیی ئاووهەوا لەزستاناندا، سروشتی سەختی چیاكانو هەندێ هەلومەرجی مێژوییی تری لەبابەتی پەیدا نەبونی شاری گەورەو زاڵیی ئابوریی سروشت بۆ ماوەیەكی دورو درێژ،- هەمو ئەمانە پێداویستییە ماددییەكانی پەیدابونی دەسەلآتی ناوچەییيان لەزۆر شوێنی كوردستاندا فەراهەم كردو ئەو دەسەلآتە ناوچەیییانە وەك میرنشینی خۆماڵی كاروباری خۆیان هەڵسوڕاند.

ئەگەرچی ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی، بەهەندێ مەرجی دیاریكراو، مافی ئۆتۆنۆمییان بۆ ئەو میرنشینانە سەلماند، بەلآم پێ بەپێی پەرەسەندنی سیستمی دەرەبەگایەتی، هەوڵی ئەم دو دەوڵەتە بۆ بەدی هێنانی یەكێتیی ئابوریو سیاسیی هەمو ناوچەكانی ژێر دەسەلآتیان، سەرەنجامی خراپی بۆ میرنشینەكان لێ كەوتەوەو بوە مایەی لەناوچونیان[٦٢]، بەڕادەیەك كە لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمدا تەنها بنەماڵە ئۆرۆستۆكراتەكانی بابان لەسلێمانی، میر محەمەد پاشا لەرواندز، بەدرخانییەكان لەبۆتانو میرەكانی ئەردەلآن لەسنە دەسەلآتیان بەدەستەوە مابوو.

ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەك ئاماژە بەوە ناكا كەئێرانو توركیا میرنشینە كوردەكانیان بەئاسانی هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام بەهەمو پێوانەیەك پێناچێ هەیكەلی سیاسی-سوپایی‌ی میرنشینەكان بەو ئەندازەیە توندو سفت بوو بێ كەبەرگەی گوشاری ئێرانو توركیای گرتبێ. بەم پێیە، توركە عوسمانییەكان لەساڵی ١٨٢٦دا پاش لەشكركێشی‌یەكی بەرفراوان كۆتایی‌یان بەفەرمانڕەوایی‌ی میر محەمەد پاشا هێنا كەدەسەڵاتی میرنشینەكەی لەرانیەوە تا زاخۆ درێژ كردبۆوە[٦٣]. بۆ ساڵانی دواتر، هەوڵی تریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەكانی تر نواند.

بێهێزی‌ی میرنشینەكانی كوردو شوێنی جیۆپۆلەتیكی‌یان وەك مەیدانی ململانێو ناوچەی لەمپەری نێوان ئێرانو توركیا، هەم ئاسەواری خراپی لەسەر بەردەوامی‌ی میرنشینەكان بەجێ هێشتو هەم كاری خراپی كردە سەر پەیوەندی‌ی نێوان ئێرانو توركیا. لەم سەروبەندەدا هەردو دەوڵەت دەمێك بوو رێككەوتننامەی وایان لەنێوان‌دا بوو كەهەڕەشەی لەئایندەی میرنشینەكان دەكرد، لەوانە رێككەوتننامەی ساڵی ١٥٥٥ی ئاماسیە كە لەئاكامی مۆركردنیدا قەڵەمڕەوی میرنشینی ئەردەڵان بوو بەدو بەشەوە: هەورامان: مەریوان، بانەو سەقز بەر ئێران كەوتنو شارەزور، شارباژێڕو قەرەداغ كەوتنە ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی[٦٤]. بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەمدا هەردو دەوڵەت چونە سەر ئەو باوەڕەی كەناكرێ لەوە زیاتر لەشەڕو ململانێ‌دا بنو بەم پێوانەیە بەمۆركردنی رێككەوتننامەی یەكەمی ئەرزرۆم لەساڵی ١٨٢٢ داو رێككەوتننامەی دوەمی ئەرزرۆم لەساڵی ١٨٤٧دا بەیەكجارەكی كۆتایی‌یان بەدەسەڵاتی میرنشینە كوردەكان هێنا. لەم سەروبەندەدا عوسمانییەكان هەمو گەورە پیاوانی بابانیان لەكوردستان دورخستەوە[٦٥]. بەم پێ‌یە، بەر لەوەی نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەم دەست پێ بكا، عوسمانییەكان دەسەڵاتی خانەدانی بابانیان لەسلێمانی پاكتاو كردبوو و هی بەدرخانییەكانیشیان لەجزیرەو بۆتان رماند بوو. دواتر، لەچارەكی سێیەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، عوسمانییەكانو ئێرانییەكان هەڵمەتێكی تریان بۆ خاشەبڕكردنی هەر دەسەڵاتێكی ئۆتۆنۆم لەكوردستاندا دەست پێ كردو بەم پێیە، عوسمانییەكان لەساڵی ١٨٥٣دا كۆتایی‌یان بەو ئۆتۆنۆمی‌یە تەنگەبەرە هێنا كە لەبۆتان بۆ ئێزدین شێریان سەلماندبوو[٦٦] و ئێرانییەكانیش بەبیانوی دڵ پیس كردن لەدڵسۆزی‌ی ئەردەڵانییەكان، لەسەردەمی ناسرەددین شادا كۆتایی‌یان بەدامودەزگای دێرینەی میرنشینی ئەردەڵان هێنا[٦٧].

تایبەتمەندی‌یەك كە كوردستان لەزۆر شوێنی تر جیا دەكاتەوە، ئەوەیە كە لەكاتێكدا دەكرا هەر یەكێ لەمیرنشینە كوردەكان، لەهەلومەرجێكی لەباردا، ببێ بەهەرێمی ناوكی دەوڵەت، بەرە بەرە نەشونما بكاو پەلوپۆ بۆ ناوچەكانی تر بهاوێ، هیچ یەكێ لەو میرنشینانە لەبەر لاوازی‌ی هەیكەلە سیاسی‌و سوپایی‌و

ئابوری‌یەکانیانو شوێنی جیۆپۆلەتیکی‌ی نالەباریان وەك ناوچەی لەمپەری نێوان دو زلهێزی ناوچەکە، واتە ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی، ئەو هەلە گونجاوەی بۆ نەڕەخسا کەوەك میرنشینەکەی باکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیای عوسمانییەکانیان وەك میرنشینەکەی مۆسکۆ بەشێنەیی‌و وردە وردە پەلوپۆ بەدەوروبەری خۆیدا بهاوێ. لەم بوارەدا، دیارە فاکتەری دەرەکی رۆڵی یەکلاکەرەوەی لەفەوتانی میرنشینەکاندا هەیە.

لەهەلومەرجی پاش جەنگی یەکەمی جیهاندا هەلومەرجێکی لەبارتر، بەهۆی داهێزرانی دو دەوڵەتە زلهێزەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پەرەسەندنی گیانی نەتەوەیی‌یەوە، بۆ پێکەوەنانی دەوڵەت بۆ کورد هاتە پێش. لەم سەروبەندەدا ئنگلیزەکان کە لەکاتی جەنگدا عوسمانییەکانیان لەهەردو ویلایەتی بەسرەو بەغدا دەرکردبوو، بەتەمابون هیچ دەسەڵاتێك بۆ تورك لەویلایەتی موسڵ نەهێڵنەوەو لەم چوارچێوەیەدا لەساڵی ١٩١٨دا دانیان بەرێبەرایەتی‌ی شێخ مەحموددا ناو دەسەڵاتیان لەناوچەیەکی بەرفراواندا کە کەوتۆتە نێوان زێی بچوكو زێی سیرواندا سەلماند(٦٨).

پاش پێکەوەنانی بەڕێوەبەرێتی‌یە ئۆتۆنۆمەکەی شێخ مەحمود لەسلێمانی، شەش مانگی نەخایاند پەیوەندی‌ی نێوان بەڕێوەبەرێتی‌یەکەو ئنگلیز گرژی‌ی تێکەوتو دواتر گەیشتە رادەی شەڕو پێکادان. دیارە جیاوازی‌ی گەوهەری‌ی نێوان ئارەزوی کورد لەسەربەخۆیی‌یەکی زۆرترو هەوڵی ئنگلیز بۆ کردنی رۆڵی کورد بەرۆڵێکی پەراوێزی‌و تەنگەبەرکردنی دەسەڵاتی بەرێوەبەرێتی‌یەکەیان لەسلێمانی، پێکادانێکی سەختو توندوتیژی لێ کەوتەوە. دوای چەند نەبەردێك کەنزیکەی سێ مانگی خایاند، کورد سەربەخۆیی‌یەکەی خۆی لەدەسدا. ئنگلیزەکان سلێمانی‌یان داگیر کردو شێخ مەحمودو هەندێ لەلایەنگرەکانیان بۆ هندستان دورخستەوە. هەر چونێك بێ، گەورەترین سەرەنجام کە لەروداوەکان کەوتەوە ئەوە بوو کەئنگلیزەکان سلێمانی‌و دەوروبەریان تا پایزی ١٩٢٢ راستەوخۆ بەڕێوە برد(٦٩).

لەو ماوەیەدا پەیمانی سیڤەر لەساڵی ١٩٢٠دا لەنێوان هاوپەیمانەکانو تورکیادا مۆر کراو تێیدا سێ خاڵ بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کرا. بەپێی سیڤەر، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی نێوان رۆژهەڵاتی روباری فوراتو باشوری ئەرمەنستانو باکوری سنوری تورکیا-سوریاو تورکیا-عێراق سەلێنرا، پەراوێزێکیش بۆ ئەگەری پەرەسەندنی ئۆتۆنۆمی‌یەکەو گەیشتنی بەسەربەخۆیی‌ی تەواو هێڵرایەوەو لەم سەروبەندەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کرا کەکوردەکانی ویلایەتی موسڵ بۆیان هەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا یەك بگرنەوە(٧٠).

ساڵی ١٩٢٢ ئنگلیزەکان بەهۆی دەرکەوتنەوەی تورك لەرواندزو رانیەو کۆیەو بەرپابونی راپەڕینێك کە ناوچەیەکی بەربلاوی کوردستانی گرتەوە، خۆیان لەهەلومەرجێکی ئاڵۆزو

دژواردا دۆزییەوە. ئەمە وای لیێ کردن نەرمییەکی ناچاوەڕوانکراو بنوێنن‌و لەم سەروبەندەدا گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی بەیاوەریی مێژەر نوئێل‌و ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق لەمانگی ئەیلولدا[٧١]، دەشێ وا تەماشا بکرێ کەهەوڵدانێکی ئنگلیز بوو بۆ دەربازبون لەو قەیرانەی تێی کەوتبون. لەتشرینی دوەمدا شێخ مەحمود بەرەزامەندیی ئنگلیزو عێراقییەکان حکومەتێکی نوێی لەسلێمانیدا پێکەوەناو خۆی بەمەلیکی کوردستان ڕاگەیاندو لەکانونی یەکەمدا عێراق‌و بریتانیا لەڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا ئەو مافەیان بۆ کوردی چوارچێوەی سنوری عێراق سەلماند کەحکومەتێك لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا پێکەوە بنێن[٧٢].

بۆ ساڵی دواتر پەیوەندیی نێوان سلێمانی‌و ئنگلیز گرژیی تێکەوتەوەو مەسەلەکە گەیشتە ڕادەی گرتنەوەی سلێمانی لە١٦ی ئایاردا. لێرە بەدواوە مەسەلەکە پێی نایە قۆناغێکی تر چونکە پاش گرتنەوەی سلێمانی، ئنگلیزەکان بەرنامەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی بەدوقۆڵی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دانا. ئەگەرچی بەرنامەکە لەبەر هەلومەرجی سەختی ئەو سەردەمە سەری نەگرت، بەڵام بەکردەوە هەنگاوێکی سەرەتایی بوو بۆ سپاردنی بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی ناوچەکە بە بەغدا.

ئەوەی لێرەدا جێی تێڕامانە ئەوەیە کەبریتانیا بەرنامەیەکی ڕۆشنی سەبارەت بەئایندەی کوردستان نەبوو و ناوەندە سیاسییەکانی لەنێوان پرۆژەی((ئۆتۆنۆمی))و سەلماندنی((سەربەخۆیی))ی کوردستان‌و پێکەوەنانی((چەند دەوڵەتۆکەیەکی کوردی))و ((مسۆگەرکردنی سنورێکی ئارام لەباکوردا)) بۆ عێراق‌و چەند پرۆژەیەکی تر سەریان لیێ شێوابو[٧٣].

چارەنوسی کوردستان ئەوەندەی لەدەرەوە بڕیاری لەسەر درا، ئەوەندە لەناوەوە بڕیاری لەسەر نەدرا. ئەوەی ئەمە رون دەکاتەوە گۆڕینەوەی پەیمانی سیڤەرە بەپەیمانی لۆزان لەساڵی **١٩٢٣**دا چونکە لەو پەیمانەدا کورد مافی پێکەوەنانی دەوڵەت یان دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی تورکیا لیێ سەنرایەوەو تەنانەت وەك کەمینەیەکی ئیتنیکیش هیچ مافێکی کەلتوریی بۆ نەسەلمێنرا چونکە پەیمانەکە تەنها تورکیای بەڕێزگرتنی مافی کەمینەی فەلەو جولەکە پابەند کرد[٧٤]. لەنمونەی کوردستاندا، دەردەکەوێ کەفاکتەری دەرەکی لەپێکنەهاتنی دەوڵەتدا ڕۆڵێکی گەورەتری لەفاکتەری ناوخۆیی دیوە.

## بیرۆکەی دەوڵەت: شیکردنەوەو بەراوردکردنی نمونەکان

دەرکەوتنی دەوڵەتان کەشێوەو روخساری جیاواز لەخۆوە دەپێچێ، بەڵگەیەکی زیندوە لەسەر ئەوەی کەهەلومەرجی مێژوویی‌و چەند فاکتەرێکی تر کەپەیوەندییان بەجوگرافیاو ئاووهەواو ئابوریی نەتەوەیی‌و سایکۆلۆژیی گشتییەوە هەیە،

رۆڵی کاریگەر لەپەیدابونو هەڵوەشانەوەی دەوڵەتاندا دەبینن. ئەزمونی مێژویی کە کەلتوری نەتەوەیی‌ی بەمیرات بۆ ماوەتەوە، لێی رادەبینرێ بتوانێ بەشداری لەدابین کردنی پێکهاتەی توندو سفت بۆ دەوڵەت بکا. لێرەدا بەراوردکردنی هەردو نمونەی ئێرانو عێراق دەتوانێ هەلومەرجێك بۆ پەی بردن بەچەمکی ئەزمونی مێژوییو کاریگەریی لەسەر پەرەگرتنی یان داوەشانی بیرۆکەی دەوڵەت پێك بێنێ. لەئێراندا میراتی مێژویی بەشێوەیەکی ریشەیی بەبیرۆکەی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە، لە کاتێکدا ئەم بەهرەیە بۆ عێراق هەڵنەکەوتوە. لەڕوی مێژوویی‌یەوە، دانیشتوانی دەشتی نیشتەنی‌ی میسۆپۆتامیای باشور پێش ئێرانی‌یە کۆنەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ شارستانێتیو زانستدا پەیدا کرد بەڵام جوگرافیاو ئەزمونی مێژویی ئەوەندەی لەئێراندا بیرۆکەی دەوڵەتی پایەدار کرد ئەوەندە لەمیسۆپۆتامیای باشوردا پایەداری نەکردوە. لەکاتێکدا ژینگەی شاخاوی ئێران خێڵی شەڕکەرو چاپوكو گورجو گۆڵی لێ کەوتەوەو لەو سەریشەوە بوو بەهۆی دابین کردنی پەرژینێکی سروشتی بۆ پاراستنی سەرزەمینەکە لەپەلاماردانی بێگانە، دەشتی نیشتەنی‌ی میسۆپۆتامیای باشورو نەبونی هیچ لەمپەرێکی سروشتی، وڵاتی لەبەردەم پەلاماردەراندا واڵا کرد. بەجۆرە بیرۆکەی((نیشتمان)) لەلای ئێرانی‌یەکاندا بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوانی میسۆپۆتامیای باشوردا، زوتر ئاشنایەتی‌ی پەیدا کرد. لەکاتێکدا ئێرانییەکان لەسەردەمی پێکەوەنانی ئیمپراتۆریەتە پانوپۆڕەکەی کورشەوە لەسەدەی شەشەمی پێش زاین‌دا، ماوەی حوکمڕانی‌ی سەلۆکی‌یە مەکەدۆنەکانو عەرەبی لێ بترازێ، نزیکەی بۆ ماوەی دو هەزار ساڵ هەر خەریکی پێکەوەنانی پێکهاتەی سیاسی‌ی توندوتۆڵ بون، میسۆپۆتامیای باشور بۆ ماوەی سەدان ساڵ وەك ناوچەی راکێشانی خێڵەکان مایەوەو بەم پێودانگە درەنگتر چەمکی((نیشتمان))ی تێدا پەیدا بو. لەکاتێکدا پێکهاتە سیاسی‌یەکانی ئێران رەگیان داکوتا، هینەکانی میسۆپۆتامیای باشور لەسۆنگەی داکشانی بەردەوامی خێڵەکانەوە لەبیابانو بانی سوریاوە هەمیشە کاتیو تەمەن کورت بون.

بەدرێژایی‌ی ماوەی نێوان کەوتنی بابل لەسەر دەستی هەخامەنشی‌یەکان لەساڵی ٥٣٩ی پێش زاین‌داو روخانی ساسانییەکان لەسەر دەستی عەرەب لەسەدەی حەوتەمی زاینی‌دا، هیچ هەوڵێکی جددی لەمیسۆپۆتامیای باشور بۆ ساغ کردنەوەی ناسنامەی نیشتمانی نابینرێ. بەدرێژایی‌ی ئەو ماوەیە، کەنزیکەی هەزارو ٢٠٠ ساڵێك دەبێ، دانیشتوانی دەشتی نیشتەنی لەبواری پێکەوەنانی هەیکەلی سیاسی‌دا ئەوپەڕی هەر ئەوەندەیان پێ کرا کەمیراتییەکی کەم دەسەڵاتو چکۆڵە لەحیرە لەسەدەی شەشەمو حەوتەمی زاینی‌دا دامەزرێنن. بەدرێژایی‌ی ماوەی نێوان روخانی ساسانی‌یەکانو روخانی ئەمەوییەکان کەماوەیەکە زیاد لەسەد ساڵی خایاندوە، سەرەڕای ئەوەی کەعێراق تێیدا ببوە کوانوی

ئۆپۆزیسیونی دژی حوکمڕانیی ئەمەوییەکان، هەست کردن بەپێویستیی بونی پێکهاتەی سیاسیی خۆماڵی، لەنێو دانیشتوانی دەشتی نیشتەنیدا لەئارادا نەبوە. پەیدابونی دەوڵەتی عەبباسی هۆکارێکی یارمەتیدەری بۆ ئەوە پێکهێنا کەعێراقییەکان هەلی گونجاوتریان بۆ بەشداری کردن لەبەڕێوەبردندا بۆ بڕەخسێ، بەڵام لەم بوارەشدا فارسو تورکەکان رکابەریی سەرسەختیان لەگەڵدا کردن. دواتر، پاش ئەوەی لەساڵی ٩٤٦دا دەسەڵات لەبەغدادا کەوتە دەستی بوەیهییەکانەوە، عێراقییەکان هەمو هەلێکیان بۆ بەشداری کردن لەهەڵسوڕاندنی وڵاتدا لەدەست دەرچوو و بەهۆی ئەمەوە نزیکەی بۆ ماوەی هەزار ساڵێکی تر کەوتنە پەراوێزەوەو هیچ دەسەلاتێکیان لەهەڵسوڕاندنی کاروباری گشتیدا نەما.

هەمو ئەمانە دەری دەخەن کەلایەنی کەم بۆ ماوەی هەزار ساڵێك بیرۆکەی دەوڵەت لەلای عێراقییەکاندا بەنامۆیی ماوەتەوە. لەسەدەی بیستەمدا ئەم مەسەلەیە بوە هۆی ئەوەی کەفاکتەری دەرەکی لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا لەفاکتەری ناوخۆیی دەسڕۆتر بێ. ئەوەش نیشانەیە کە لەکاتێکدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەسوریاو میسر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە کەفو کوڵی هەبو، هەمان بزوتنەوە لەعێراقدا زۆر درەنگ، پاش دەرچونی عوسمانییەکان لەعێراق لەساڵی ١٩١٨دا، ئنجا سەری دەرهێنا. لەنمونەی عێراقدا هەردو فاکتەری دینیو نەتەوەیی دەستیان لەدیاریکردنی هەڵوێستە سیاسییەکاندا هەبو. لەم سەروبەندەدا لەکاتێکدا عەرەبە شیعەکان زیاتر بەلای ئایندا دایانشکاند نەك بەلای نەتەوایەتیدا، عەرەبە سوننەکان زیاتر بەلای نەتەوایەتیدا دایانشکاند نەك بەلای ئایندا. بەم پێوانەیە، عەرەبە سوننەکان ئەوەیان لەو هەڵوێستە جیاوازەی خۆیان هەڵکڕاند کەدەتوانن بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەعێراقدا هاوکاریی بریتانیا بکەن، لەکاتێکدا عەرەبە شیعەکان چونە سەر ئەو باوەڕەی کەبیروباوەڕی دینییان لێ ناگەڕێ بەئەندازەی عەرەبە سوننەکان هاریکاریی بریتانیا بکەن. لەم سەروبەندەدا، لەسۆنگەی ئەوەوە کەبریتانیا بەپەرۆش بوو کوردستان بەعێراقەوە بلکێنێ، هیچ دەرفەتێك بۆ هاتنە کایەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەعێراقدا نەما.

لاوازیی ئەزمونی مێژویی لەعێراقدا بوە هۆی لاوازبونی بارودۆخی پەیدابونی بیرۆکەی دەوڵەت. ئەگەرچی هەلومەرجی پاش یەکەم جەنگی جیهان، لەڕێی فاکتەری دەرەکییەوە چارەسەرێکی بۆ نەبونی بیرۆکەی دەوڵەت لەعێراقدا دۆزییەوە، بەڵام ئەمە لەهەمان کاتدا بوە هۆی لاوازکردنی پرنسیپی شەرعیەت لەدەوڵەتە تازە دامەزراوەکەدا.

کاریگەریی فاکتەری دەرەکی لەپێکهاتنی دەوڵەتاندا تاڕادەیەکی زۆرو لەهەندێ مۆدێلدا بەشێوەیەکی بنچینەیی، چارەسەری نەبونی یاخود کرچو کاڵیی هەست کردن بەپێویستی بونی دامو دەزگای بەڕێوەبردنی ناوەندی دەکا. هەر شوێنێك

قەوارەی مێژوییی تێدا نەبێ، بیرۆکەی دەوڵەتیش واتە هەست کردن بەپێویستیی بونی دامو دەزگای باڵای بەڕێوەبردنی ناوەندیو دەسەڵاتی گشتی، تێیدا پەیدا نابێ. ئەمە وەك چۆن بەکەڵکی ئوردون دێ، بەکەڵکی لیبیاو کوێتیش دێو بێگومان عێراقیش دەگرێتەوە، ئەگەرچی عێراق بەوە لەوانی دی جیا دەکرێتەوە کەمێژویەکی دێرینی هەیەو تارادەیەکی زۆر خاوەنی قەوارەیەکی مێژوییش بوە.

لەئوردون رەوتی مێژو ئاماژە بۆ پەیدابونی هیچ قەوارەیەکی مێژویی ناکا. ئوردون بەردەوام سەرزەمینێکی بێ مێژو بوە. وەك قەوارەیەکی جوگرافیاییش هەمیشە بەشێك بوە لەیەکەی لەخۆ گەورەترو بەشێوەیەکی تایبەت بەبیابانو فەلەستینو سوریاوە بەسترابۆوە. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، کاتێك بریتانیا بیری لەوە کردەوە کەبیدا بەیەکێ لەکوڕەکانی شەریفی مەککە، لەوە زیاتر کەسەرزەمینێکە لەبەری رۆژهەڵاتی روباری ئوردونو کشتیارانی فەلەستینیو هەندێ چادرنشینی لێیە، هیچ مانایەکی تری بەدەستەوە نەدەدا. بەم واتایە، ئوردون تەنها پارچەیەکی قرتێنراوی خاکی مێژوییی فەلەستینە. لەسۆنگەی هەمو ئەمانەوە، ئوردون کەنمونەی زیندوی ئەو قەوارە سیاسییە داتاشراوانەیە کەفاکتەری دەرەکی بەمامانیان دادەنرێ، ئەوەندەی گوزارشتێکی میکانیکی لەئارەزوی هێزە نێونەتەوەییەکان دەکا، ئەوەندە گوزارشت لەپێویستیی ناوخۆ بەدامودەزگای گشتی ناکا.

لەم روەوە لیبیا تەنها بەڕوکەش جیاوازیی هەیەو بونی وەك قەوارەیەکی مێژویی هیچ بنەمایەکی نیە. بێلەوە، رابردوی لیبیا هیچ کۆششێکی بۆ گەڵاڵەکردنی ناسنامەیەکی تایبەتی تێدا نیە. هەلومەرجی لیبیا تارادەیەکی زۆر لەهەلومەرجی عێراق دەچێ، بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کەبڕبڕە کۆمەڵایەتییەکەی ئەوەندەی بەدەرەوە بەسترابۆوە ئەوەندە بەناوەوە نەبەسترابۆوە. ئەم تایبەتمەندییە وەك چۆن لەعێراقدا بوە رێگر لەبەردەمی پەیدابونی تیۆریی بونی((نەتەوەیەکی)) عێراقی، لەلیبیاش بوە رێگر لەبەردەمی پەیدابونی((نەتەوەیەکی)) لیبیایی. وەك ئەوەی لەعێراقدا دەبینرێ، لەلیبیاش هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت درێژبونەوەی رەگەزی-زمانییان بۆ دەرەوە هەبو. بەم پێودانگە، لەعێراقدا بەدرێژاییی سەردەمی حوکمڕانیی عوسمانییەکان هەرێمی شیعەنشین ئەوەندەی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ئێراندا هەبو ئەوەندە لەگەڵ بەغداو موسڵدا نەیبو. موسڵیش ئەوەندەی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی جزیرەو سوریادا هەبو ئەوەندە لەگەڵ بەغدادا نەیبو. کوردیش جگە لەوەی کەپەیوەندیی لەگەڵ بەغدادا هەمیشە پەیوەندییەکی گرژ بوە، هیچ هەستێکی وای لەلا نەبو کەسەرزەمینەکەی درێژبونەوەی سەرزەمینی عێراقە. بەمجۆرە، لەو هەلومەرجەدا تەنها بەغدا خاڵی یەکانگیری بوو. دیارە هەلومەرجی ئاوەها ناتوانێ بەشداری لەداڕشتنی چەمکێکی یەکگرتوو سەبارەت بەنیشتمانێکی نەتەوەیی بکا. ئەم دیاردەیە

لەلیبیاش دەبینرێ چونکە سێ هەرێمەکەی لیبیا بەدرێژاییی سەدان ساڵ ئەوەندەی پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوەدا هەبوە ئەوەندە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا نەبو. ئەوەی هۆی ئەمەش رون دەکاتەوە ئەوەیە کەهەرێمی سیرنیکا کەدانیشتوانەکەی بەشێوە زمانێکی نزیك لەشێوە زمانی میسری قسە دەکەن، پەیوەندیی پتەوتری لەگەڵ میسردا هەبو. هەرێمی تەرابلسیش لەرۆژئاوادا هەستێکی وای تێدا زاڵ بوو کەئەوەندەی ئەو هەرێمە بەشێکی باکوری ئەفریقیا پێکدێنێ ئەوەندە بەشێکی لیبیا پێکناهێنێو هەرێمی فەزانیش بەئەندازەیەك بەبیابانەوە بەسترابۆوە کەپێویستی بەپەیوەندی دامەزراندن لەگەڵ سیرنیکاو تەرابلسدا نەبو(٧٥).

لەسالأنی خەباتی دژی ئیتالیادا هەست بەدژواریی یەکخستنی هەرێمە ناتەباکان کرا. تەنانەت پاش دەرچونی ئیتالیا لەلیبیا، لیبیاییەکان بەوە پابەند نەبون کەبۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی یەکگرتو کار بکەن. تاکە فاکتەری پەیدابونی یەك دەوڵەت لەلیبیا، بۆ رێك نەکەوتنی هێزە نێودەوڵەتییەکان لەسەر چارەنوسی دەگەڕێتەوە.

لەم سەروبەندەدا کوێت لەو روەوە کەقەوارەی مێژوییی بەخۆوە نەدیوە، لەگەڵ ئوردونو لیبیادا یەکدەگرێتەوە بەڵام لەهەمان کاتدا بەوە لەوانو لەزۆر مۆدێلی تر جیا دەکرێتەوە کەبۆ ماوەی سەردەمانێکی دورودرێژ وەك سەرزەمینێکی بێ دانیشتوان یاخود لایەنی کەم وەك نیشتمانێکی کاتیی خێڵە کۆچەرییەکان ماوەتەوە. ئەمە بەو واتایە دێ کەمێژوی سیاسیی تەنها لەم دواییانەدا دەستی پێ کردوە. ئەگەرچی کوێت وەك قەوارەیەکی سیاسی قەرزاری رەنجو کۆششی خانەدانی سەباحە، بەڵام بەردەوامبونی بەبێ پاراستنی دەوڵەتێکی زلهێزی وەك بریتانیا شتێکی مەحاڵ بوو. بەهۆی روبەری بچوکەوە، کوێت بەپێچەوانەی وڵاتێکی وەك لیبیاوە، بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش نەبوو و هەستی هاووڵاتێتی تێیدا فرە کرچو کاڵ مایەوە. لەم روەوە زۆر فاکتەر بونە هۆی ئەوەی کەبیرۆکەی دەوڵەت لەکوێتدا تەنها لەلای خانەدانی سەباحدا بەتینو تاوو کلپە سەندو بێ. ئەگینا لەسەر ئاستی خوارەوەی کۆمەڵدا هیچ بۆچونێکی گشتی سەبارەت بەپێویستیی بونی قەوارەیەکی سیاسیی خۆماڵی لەئارادا نەبو. لەم بارەیەوە هەندێ فاکتەری لەبابەتی هەژاری، پاشکەوتوییی کۆمەڵایەتی، نزمیی ئاستی زانستو جوگرافیا، پێش دۆزینەوەی نەوت لەکوێت، بونە هۆی پایەدارکردنی مەیلی کۆمەڵ بەلای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسیی کوێتو یەکگرتن لەگەڵ عێراقدا. بەڵام پاش دۆزینەوەی نەوت کەبەهۆیەوە گۆڕانێکی گەوهەری لەکۆمەڵی کوێتدا رویداو ئەو سەرەنجامەی لێکەوتەوە کەکۆمەڵەکە لەکۆمەڵێکی سەرەتاییی پشت ئەستور بەدەرهێنانی مرواریەوە بوو بەکۆمەڵێکی مۆدێرن(٧٦)، بیرۆکەی دەوڵەت لەکوێتدا سەقامگیریی بەخۆوە بینی. پرۆپاگەندەو بانگەشەیەك کە ناسیونالیستەکان لەسالأنی سیی سەدەی بیستەمدا بۆ

یەکگرتن لەگەڵ عێراقدا بڵاویان کردەوە، وردە وردە پاش دۆزینەوەی نەوت پوکایەوەو ئاسەواری نەما[٧٧].

مێژوی کوێت لەو روەوە کەقەوارەی مێژوییی بەخۆوە نەدیوە، لەمێژوی ئەرتریا دەچێ. وەك ئەوەی لەکوێتدا دەبینرێ، ئەرتریاش تا درەنگانێك بەبێ مێژو مایەوە. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەهەمیشە بەئاسانی بەدراوسێکانی‌یەوە بلکێنرێ، بەڵام ئەم لکاندنە لەبەر سیاسەتی نادینامیکیی ئەسیوپیاییەکان سەرەنجامی چەواشەی لێکەوتەوە چونکە بوە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی لەنێو ئەرتریاییەکاندا. لەئاکامی هەمو ئەمانەدا، ئەرتریا پاش شۆڕشێکی درێژخایەن، لەئەسیوپیا جیا بۆوە. بەڵام ئەوەی لێرە پێویستی بەئاماژە پێدانە ئەوەیە کەهەندێ فاکتەری وەك هەڵنەکەوتنی قەوارەی مێژویی لەئەرتریا، درەنگ پەیدابونی بیرۆکەی دەوڵەت تێیدا تاسەدەی بیستەمو هەمەرەنگیی تەونە رەگەزی-ئاینیی‌یەکەی، دەشێ لەئایندەدا پێکهاتە تازە دامەزراوەکانی بشێوێنن.

لەهەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا، گۆشەگیری ئەگەری گەلاڵەبونی هەندێ پێکهاتەی سیاسیی خۆماڵی دەرەخسێنێ. لەم سەروبەندەدا دەکرێ یەمەنو هەندێ وڵاتی بەنمونە وەربگیرێن. لەیەمەن گۆشەگیری کەدەرهاوێشتەی ئەو هەڵکەوتە جوگرافیاییە بوو کەیەمەنی خستبوە نێوان بیابانو دەریاوە، پێکهاتەی وای لێ کەوتەوە کەلەگەڵ هیچ گۆڕانێکدا نەدەسازا. ئەگەرچی ئەو گۆشەگیرییە ئاسەواری خراپی لێ کەوتەوە چونکە بوە هۆی بەجێمانی یەمەن، بەڵام لەهەمان کاتدا یارمەتیی یەمەنی دا کەتا سەردەمانێکی دورودرێژ سیستمە کۆمەڵایەتیی‌یە-سیاسییەکەی خۆی بپارێزێو قەوارەیەکی مێژوییش بۆ خۆی پێکبێنێ. ئەگەرچی لەم روەوە مەنگۆلیا لەیەمەن گۆشەگیرتر بوە، بەڵام لەمەنگۆلیا پەیوەندیی نێوان خاكو دانیشتوان بەدرێژاییی چەندین سەدە وەك پەیوەندییەکی کرچو کاڵ مایەوە. دەکرێ هۆی ئەمە ببرێتەوە سەر چەند فاکتەرێك لەوانە جۆری خێڵەکان کەخێڵی بیابانیی کۆچەریی شوانکارە بونو ئابورییەکەیان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت ئەستور بوو بەشکارو ئاژەڵداری. بەم پێودانگەو لەسۆنگەی باڵادەستیی ئابوریی سروشتیو پەیدا نەبونی دەرەبەگایەتی تێیدا، ئەو خێڵە کۆچەرییانە زێدگای هەمیشەییی‌یان نەبو[٧٨]. لەکاتێکدا لەکوردستاندا گۆشەگیریو دژواریی کۆنتاکتو پەیوەندی بەیەکترەوە کردنو هەلومەرجی سەختی ئاووهەوا بونە هۆی پەیدابونی چەندین یەکەی ئابوریی گۆشەگیر. دواتریش، لەهەلومەرجێکی لەبارتردا، کوردستان پێکەوەنانی چەند میرنشینێکی لەسەر دەستی ئۆرۆستۆکراسیی دەرەبەگایەتی لێ کەوتەوە.

لەم مەسەلەیەدا کوردستان لەگەڵێك وڵاتی تر جیا دەکرێتەوە. ئەوە بۆ خۆی بەڵگەیە کەکوردستان، بەپێچەوانەی ئوردونو کوێتەوە، قەوارەی مێژوییی تێدا پێکهات. بیرۆکەی دەوڵەت

لەکوردستاندا. بیرۆکەیەکی هەرە لەمێژینەیە. بەڵام ئەوەی ئەم بیرۆکەیە لەبیرۆکەی شوێنی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کەبیرۆکەیەکی سەرتاسەری نیە، بەڵکو ناوچەیی‌یە. یەکە ئابوری‌یە لێك دابڕاوەکان هەرێمی لێك دابڕاویان لێ کەوتەوەو ئەمە بوە هۆی سەردەرهێنانی بیرۆکەی دەوڵەت بەشێوەیەکی ناوچەیی. ئەمەش بەڕونی لەو میرنشینانەدا دەردەکەوێ کە لەهەندێ هەرێمی دیاریکراودا پەیدا بون. ئەو میرنشینانە بەشێوەیەکی سەرەتایی گوزارشتیان لەبیرۆکەی دەوڵەت کرد. بیرۆکەی سەرتاسەری‌ی دەوڵەت تەنها پاش باسك ئەستور بونی بزاڤی نەتەوەیی سەری دەرهێنا. لەم سەروبەندەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کەبیرۆکەی دەوڵەت تەنانەت لەو بەشانەش کەدواتر بەسەر ئێرانو تورکیاو عێراقدا دابەش کران، وەك بیرۆکەیەکی ناوچەیی مایەوە. ئەم ناوچەگەری‌یە بوە هۆی تەگەرەدان لەڕێککەوتنی کورد لەسەر ملکەچبون بۆ یەك دەسەڵاتی خۆماڵی. ئەوە بۆ خۆی شایانی تێڕامانە کە لەماوەی نێوان ١٩١٨ و ١٩٢٦دا کوردی عێراق لەسەر پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی لەهەمو ئەو ناوچانەدا کەکوردستانی عێراقیان لێ پێکدێ، یەکدەنگو یەکڕا نەبون. ئەمەش بەئاشکرا لەهەڵوێستی کورد بەرامبەر بەحکومەتی سلێمانی‌ی شێخ مەحمود دەردەکەوێ. کاتێك لەساڵی ١٩٢٢دا سلێمانی قەوارەیەکی سیاسی‌ی تایبەتی هەبو، سەید تەها شەمزینی کەمەلایەکی زەویداری گەورە بوو، داوای لەئنگلیز کرد قەوارەیەکی سیاسی‌ی دیکەی لەبابەتی سلێمانی لەرواندز ئاکرێو ئامێدی پێك بێنن[٧٩].

بیرۆکەی پێکەوەنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراقدا تەنها لەساڵی ١٩٣٠ دا سەری دەرهێنا، کاتێك شێخ مەحمود داوای لەهای کۆمیشنەری بریتانیا کرد قەوارەیەکی سیاسی لەژێر سەرپەرشتی‌ی بریتانیادا، لەزاخۆوە تا خانەقین، پێك بێنێ[٨٠].

هەر میرنشینێکی کوردستان، ئەگەر بارودۆخ یارمەتی‌ی بدایە، دەیتوانی ببێ بەناوکی دەوڵەتێکی فراوان. لەم روەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکرێ کەمیرنشینی مۆسکۆو میرنشینی باکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیا، بەبێ مەرجێکی بنەڕەتی کەمخابن لەکوردستاندا نەهاتە دی، هەرگیز بۆیان نەدەلوا پەلوپۆ بهاون، ئەویش مەرجی بونی هەلومەرجێکی سیاسی‌ی لەبارە بۆ پەلهاوێشتنی ئاسۆیی‌ی میرنشین. مۆسکۆو باکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیاو کوردستان لەوەدا یەکدەگرنەوە کەهەرسێکیان مەرجێکی گرنگیان بۆ رەخسا بوو کەوای کرد هەر یەکێکیان بەکەڵکی ئەوە بێ کەناوکی تێدا پەیدا ببێ، ئەویش جوگرافیایە. بەڵام لەم بوارەدا جوگرافیا بەتەنها بەس نیە. پەلهاوێشتنی میرنشین ئەگەر لەمپەری بەهێزی بێتە بەر رێ، با لەفاکتەری جوگرافیاشدا بەختی یار بێ، دەشێ بەبنبەست بگات. لەڕاستیشدا ئەمە ئەوە بوو لەکوردستاندا رویدا. بەڵام ئەوەی لەمۆسکۆو باکوری رۆژئاوای ئەناتۆلیا رویدا زۆر لەوەی کوردستان جیاواز بوو. لەروسیا روسەکان تەنها پاش لاواز بونی تەتەرو مەغۆلەکان میرنشینەکەیان پێ فراوان کرا. لەباکوری

رۆژئاوای ئەناتۆلیاش عوسمانییەکان تەنها پاش هەرەس هێنانی دەوڵەتی سەلجوقیو کزبونی دەسەڵاتی دەوڵەتی بیزانس، توانییان پەرە بەمیرنشینەکەیان بدەن. ئەمە بەو مانایە دێ کەپەلهاوێشتن پێویستی بەبۆشایی یان بەناوچەیەکی ژیانە کەبۆ پەلوپۆ هاوێشتنی دەوڵەت دەسبدا. ئەو مەرجەش لەکوردستاندا نابینرێ چونکە کورد لەبەر سەنگینیی تای تەرازوی سوپاییی دەوڵەتی عوسمانیو ئێران بۆی نەلوا میرنشینەکانی بەپێی پێویست پەرە پێ بدا.

هەر بەهۆی ئەم فاکتەرەشەوە کورد یەکێتیی نەتەوەییی خۆی پێ نەهاتە دی. بەراوردکردنی بارودۆخی کوردستان لەگەڵ بارودۆخی ئیتالیاو ئەڵمانیای پێش یەکگرتن دەری دەخا کەئەو فاکتەرانەی لەئیتالیاو ئەڵمانیا بونە هۆی یەکگرتن، لەکوردستاندا لەئارادا نەبون. لەگەڵ ئەوەشدا، بارودۆخی سەدەی نۆزدەهەمی کوردستانی پارچە پارچە کراو تا رادەیەکی زۆر لەبارودۆخی ئیتالیای پێش یەکگرتن دەچێ. ئاشکرایە کەلەهەردو وڵاتدا هیچ ژیانێکی ئابوریی گشتی لەئارادا نەبوو ولەهەردوکیشیاندا ژیانی ئابوری پشتی بەکشتوکاڵێکی دواکەوتو بەستبو. بێ لەوە، تێبینی ئەوەش کراوە کەپێکهاتەی ئابوریی هەردو وڵات لەچەندەها یەکەی ئابوریی کشتوکاڵی پێکهاتبو کەبەهۆی جوگرافیاو دابەشبونی سیاسیییەوە لێك دابڕا بون. جیاوازیی گەوهەریی نێوانیان لەوەدا بوو کەکوردستان زیاتر بەئابوریی سروشتییەوە بەسترابۆوەو یەکەکانی ئیتالیاش بەهۆی

تاریفەی گومرگییەوە گۆشەگیریی خۆیان پایەدارتر کرد بوو. جگە لەوە، هەردو وڵات پیشەسازیی لێ نەبو، بەسەرنجدان لەوەی کەئەم مەسەلەیە لەئیتالیا لۆمباردیاو بیمۆنت ناگرێتەوە. کاڵاکانی شیاوی ناردنە دەرەوەش تەنها لەهەندێ ناوچەدا دەسدەکەوتن. لەکوردستاندا کاڵاکانی شیاوی ناردنە دەرەوە لەماڵاتو بەروبومی کشتوکاڵ زیاتر نەبون[٨١]، هینەکانی ئیتالیاش لەئاوریشمی خاوی باکور، زەیتی زەیتونی لۆکا، گەنەوەو ناپۆلیو گۆگردی دورگەی سکلی پێکهاتبون[٨٢]. سەرباری هەمو ئەمانە، هەردو وڵات لەدو فاکتەری تردا یەکدەگرنەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە لەهەردوکیاندا چینی ئەکلیرۆسی پارێزگار رێگریی لەپەرەسەندنی چەمکەکانی نەتەوایەتی دەرکردو دوەمیان ئەوەیە کەلەهەردو نمونەدا دوژمنێکی نەتەوەیی هەبو، کە لەکوردستاندا خۆی لەدەوڵەتی عوسمانیدا دەنوێنیو لەئیتالیا بریتی بو لەنەمسا.

بەڵام لەتەك ئەم فاکتەرە لێکچووانە، هەردو وڵات جیاوازیی گەوهەرییان لەنێواندا بوو. ئەوەش نیشانەیە کەلەئیتالیا چینێکی ناوەڕاستی گورجو گۆڵو بزوتنەوەیەکی زانستیی خاوەنی ٢٤زانکۆو بزاڤێکیئەندێشەییی بەبڕشت هەبو[٨٣]. لەهەمو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کەمیرنشینە ئیتالیاییەکان لەسەرانسەری ئەوروپادا دان بەسەربەخۆییاندا نرابوو و هیچ یەکێکیان بەشێکی ئیمپراتۆریەتە دراوسێکانی پێك نەدەهێنا. بەراوردکردنی ئەم بەهرانە لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا، داهێزرانی هەیکەلی ناوخۆییی کوردستان رون دەکاتەوە. لەم روەوە کوردستان بەدەم

لێکترازانی سیاسییەوە دەینالاند، نە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی ڕۆشنی تێدا بوو نە بزوتنەوەیەکی ئەندێشەیی و تەنانەت مەسەلەی یەکناسنامەیی تێیدا هێشتا بەو ئەندازەیە رون و ڕۆشن نەبو.

وردبونەوە لەبارودۆخی ئەڵمانیا بۆمان رون دەکاتەوە کەهەلومەرجی ئەڵمانیا لەوەی ئیتالیا کەم ئاڵۆزترو زۆر لەوەی کوردستان باشتر بوو. لەئاکامی ئەمەدا، یەکگرتنی ئەڵمانیا کەمتر گیروگرفتو ئاڵۆزیی هاتە پێش چونکە میرنشین و هەرێمە ئەڵمانەکان لەسەردەمی پارچە پارچەییدا قەوارەیەکی نەتەوەیی یەکگرتویان هەبو کەبەرگی کۆنفدراسیونێکی گێرمەنیی لەخۆوە پێچابوو، بێ لەوەی لەئەڵمانیا چەمکی یەکگرتن، بەپێچەوانەی هەر وڵاتێکی ترەوە، بەچەمکێکی دیاریکراوەوە بەسترابۆوە کەچەمکی ئیمپراتۆریەتە. ئەوەش گرنگە کەیەکگرتنەکە بەسازکردنی چەند یەکێتییەکی لەبابەتی یەکێتیی گومرگی( تسۆلفراین) ڕێی خۆش کرابو[٨٤]. لەکاتێکدا لەئەڵمانیا پرۆسیا بوو بوو بەقورمشی یەکێتیی نەتەوەیی، لەکوردستاندا هیچ میرنشینێك نەبوو بوو بەو قورمشە. لەم بارەیەوە فاکتەرێکی تری گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەکوردستاندا سەربەخۆیی کورد زۆر بەتوندی لەلایەن عوسمانییەکان و ئێرانییەکانەوە بەرپەرچ درایەوە، لەکاتێکدا لەئەڵمانیا روسیاو نەمسا بۆ بەدەست هێنانی یەکێتیی نەتەوەیی ئەڵمانیا پشتیوانییان لەئەڵمانە لێکترازاوەکان کرد.

بەمجۆرە، بەڕونی دەردەکەوێ کەفاکتەری دەرەکی بەشێوەیەکی کاریگەر دەستی لەپەیدا نەبونی دەوڵەتی کوردی یان لە بەدی نەهاتنی یەکێتیی نەتەوەییدا هەبوە. لەم روەوە ئاشکرایە کەپەیدابونی چەندین دەوڵەتی لەبابەتی عێراق، کوێت، لیبیا، لوبنان، ئوردون و قوبرس ئەوەندەی بۆ فاکتەری دەرەکی دەگەڕێتەوە، ئەوەندە بۆ فاکتەری ناوخۆیی ناگەڕێتەوە، گومان لەوەدا نیە کەدەشێ پەیدابونی دەوڵەت فاکتەری دەرەکیی لەپشتەوە بێ، بەڵام بەردەوام بونی دەوڵەتەکە بەو شێوەیەی کە لەسەری دامەزراوە، شتێکی مسۆگەر نیە یاخود لایەنی کەم فاکتەرە دەرەکییەکانی پەیدابونی دەوڵەت گرەنتیی دروستبونی پێکهاتەی سیاسیی توندو سفت نادەن و سەقامگیری و ئارامی و تەباییی ناوخۆییان پێ دابین ناکرێ. لەئەنجامی، ئەمەدا ئەو دەوڵەتانەی کە بەشێوەیەکی بنچینەیی، فاکتەری دەرەکی دایمەزراندون، لەدەوڵەتانی تر زیاتر گەڕان بەشوێن ئاسایشدا بڕستیان لێ دەبڕێ.

لەم بارەیەوە تەنها یەك نمونەی جیا هەیە، کەنمونەی ئیسرائیلە. وەك لای هەموان زانراوە، دروستبونی ئیسرائیل بۆ فاکتەری دەرەکی دەگەڕێتەوە چونکە بەبێ بەڵێنی بەلفۆر کە لەساڵی ١٩١٧دا ڕێی بۆ دابینکردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە خۆش کرد، دروست بونی ئیسرائیل کارێکی فرە دژوار دەبو، بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کەبۆ گەلێکی پەراگەندەو پەرەوازەی بێهێزو بەژمارە کەمی وەك جولەکە، زۆر زەحمەت بوو بەبێ

پشتیوانیی دەرەکی بۆ فەلەستین بگەڕێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی تێدا دابمەزرێنێ. بەڵام ئیسرائیل لەم روەوە تاکە نمونەی بێ هاوچەشنە چونکە شان بەشانی کاریگەریی فاکتەرە دەرەکی یە ماددی یەکە لەدامەزراندنیدا، فاکتەرێکی تری ناوخۆییش هەیە، کەفاکتەری ئایدیۆلۆژی یە. ئەوە بەڵگەیە کە خۆڕاگریی جولەکەو نەتوانەوەو سەرکەوتنی بێ نمونەیان لەهێشتنەوەی قەوارە دینی یە-نەتەوەیی یەکەیان بەدرێژاییی دەوروبەری دو هەزار ساڵو خەو بینینیان بەگەڕانەوە بۆ فەلەستین، ئەو فاکتەرە ناوخۆیی یە بەتینو تاوەی لێ کەوتەوە کەبۆ دامەزراندنی دەوڵەت زۆر پێویستە. چەمکی گەڕانەوەی جولەکە بۆ فەلەستین، بەکردەوە بەچەمکی دەوڵەتەوەو لەڕوی ئاینی یەوە بەچەمکی تازەکردنەوەی سەروەری یەکانی شانشینی داوودو سلێمانەوە بەستراوەتەوە. ئەم فاکتەرە ئایدیۆلۆژی یە جولەکەی هاندا دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی پێکەوە بنێنو بەم پێودانگەش ئیسرائیل لەسەر بنەمای نەتەوایەتیی دینی دامەزرا[٨٥].

بێجگەلە ئیسرائیل، ئاسیا نمونەیەکی تری دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیی بەخۆوە دیوە، کەپاکستانە. موسڵمانانی هندستانو جولەکە لەوەدا یەکدەگرنەوە کەتێگەیشتنیان بۆ دەوڵەت پشت بەئایدیۆلۆژیای دینی دەبەستێ. ئەگەر فاکتەری دین نەبوایە، نە جولەکە ئاواتی سیاسیی خۆی پێ دەهاتە دیو نە موسڵمانەکانی هندستان. بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە کەموسڵمانەکانی هندستان دەوڵەتێکی نانەتەوەیی یان بەناوی پاکستانەوە پێکهێناو جولەکەکان دەوڵەتێکی نەتەوەیی یان بەناوی دینەوە دامەزراند. لەکاتێکدا جولەکە ئیسرائیلی کردە نیشتمانێکی نەتەوەیی، موسڵمانەکانی هندستان بەشە موسڵمانەکانی هندستانیان کردە نیشتمانێکی دینی. لەئاکامی ئەمەدا پێکهاتەیەکی سیاسیی لەرزۆك لەپاکستاندا دروست بوو چونکە پێکهاتە سیاسییەکە پشتی بەنەتەوایەتی نەبەستبو. ئەگەرچی هەم لەدروستبونی ئیسرائیلداو هەم لەدروستبونی پاکستاندا دین فاکتەری بنچینەیی یە، بەڵام ئیسرائیل بەپێچەوانەی پاکستانەوە پایەداری یە دینی یەکەی خۆی بەپایەداری یەکی نەتەوەیی توندوتۆڵتر کرد. ئەمە بەو مانایە دێ کەفاکتەری دین لەدەوڵەتێکی فرە نەتەوەدا، دەشێ لەکاتی دروستبونی پێکهاتەی سیاسیدا کاراو کاریگەر بێ بەڵام ناتوانێ، بەو جۆرەی کەناوەند دەیەوێ، بەردەوامبونی خۆی مسۆگەر بکا. فاکتەری ئاین بەتەنها، بەبێ پشتیوانیی فاکتەری نەتەوەیی یان ئابوری، دەشێ دابمرکێتەوەو دەورو تەئسیری خۆی لەدەست بدا. نمونەی بەنگالەکان ئەم مەسەلەیە رون دەکاتەوە. بەنگالەکان بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشدارییان لەدروست کردنی پاکستاندا کردو پاشان هەوڵی گۆڕینی ئەو پێکهاتە سیاسییانەیاندا کەخۆیان لەدروستکردنیدا بەشدار بونو دواتریش، لەساڵی ١٩٧١دا، بەپشتیوانیی هندستان، توانییان نیشتمانێکی نەتەوەیی لەبەنگلادیش بۆ خۆیان دامەزرێنن.

بەراوردکردنی نمونەکان دەریدەخا کەدروستبونی دەوڵەتان پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو بیرۆکەی دەوڵەتیش کەدەوڵەت لەسەر

بنەماكەیدا دادەمەزرێ، چەمكێكی ئالۆزە چونكە ئەو چەمكە لەناوەرۆكدا گوزارشت لەپێداویستی‌ی مێژویی، كەلتوری‌و ماددی‌ی لێك ئالاو دەكا. پایەداری‌ی بیرۆكەی دەوڵەت پایەداری‌ی پێكهاتە سیاسییەكانی دەوڵەتی لێ دەكەوێتەوە، یارمەتی‌ی بەردەوامبونی دەوڵەت دەداو دەبێتە مایەی بەهێزكردنی ئاسایشی دەرەكی‌و ناوخۆیی‌ی.

## سەرچاوە:


١- د. امین محمود عبدالله، في اصول الجغرافیا السیاسیة، مكتبة النهضة المصریة، الطبعة الثانیة، القاهرة، ١٩٨٤، ص ٢٦.

٢- الدكتور اسماعیل صبری مقلد، العلاقات السیاسیة الدولیة، الطبعة الثانیة، كلیة التجارة والاقتصاد والعلوم السیاسیة بجامعة الكویت، الكویت، ١٩٨٤، ص ١٣٥.

٣- الدكتور اسماعیل صبری مقلد، العلاقات السیاسیة الدولیة، ص ١٩١.

٤- فەریـد ئەسەسەرد، كوردستان‌و مەسەلەكانی ئەمنی قەومی، بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٥٦.

٥- پیرۆز موجتەهید زادە، گۆڕانكاری‌یەكانی دنیاو ناوچەی جیۆپۆلەتیكی كەنداوی فارس، وەرگێڕانی مەحمود رەزا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی یەكەم، نیسانی ١٩٩٢، ل ٥٦.

٦- سیروان عارف، نەخشی جیۆپۆلەتیك لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی یەكەم، نیسانی ١٩٩٢، ل ١٢٤.

7- James, Poeston E, “Some Foundamental Elements in the Analysis of the Viability of States”, in Charles A. Fisher(ed.) Essays in Political Geography. London: Methwn and Co., 1968, PP. 36-37.

٨- الدكتور اسماعیل صبری مقلد، العلاقات السیاسیة الدولیة، ص ١٨٤.

٩- الهه كولایی، سیاستو حكومت در فدراسیون روسیه، مؤسسه چاپو انتشارات وزارت امور خارجه، تهران ١٣٧٦(١٩٩٧)، ص ٣.

١٠- آ. آوتور خانوف، مسئله اقلیتهای ملی در شوروی، ترجمة فتح الله دیده‌بان، انتشاراتو اموزش انقلاب اسلامی، تهران، ١٣٧١(١٩٩٢)، صص ٣-٤.

١١- گراهام اسمیت، ملیتهای شوروی، ترجمه میر حسین سرشار، شركت انتشارات علمی‌و فرهنگی، تهران، ١٣٧٥(١٩٩٦)، ص ص ٢٥-٢٦.

١٢- الدكتور نورالدین حاطوم، تاریخ الحركات القومیه، الجزء الثاني، دار الفكر الحدیث، بیروت، ١٩٦٩، ص ص ١٠٨-١١٦.

١٣- الدكتور خلیل علي مراد وآخرون، دراسات في التاریخ الاوروبي الحدیث والمعاصر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٨، صص ١٧٧-١٩١.

١٤- علـي حيـدر سـليمان، تـاريخ الحضـارة الاوربيـة الحديثـة، دار واسـط للدراسات والنشر والتوزيع، بغداد ، ١٩٩٠، صص ٢٥٠-٢٥١.

١٥- دكتر نقي لطفي، صربستانو بوسنىو هرزطوينو منبع شناسى، نشر بين النهرين، مشهد، ١٣٧٧(١٩٩٨)، صص ٣-٤٩.

١٦- احمد عبدالرحيم مصطفى، في اصول التاريخ العثماني، دار الشروق، بيروت، ١٩٨٢، صص ١١-٧٢.

١٧- سنت جون فيلبي، تاريخ نجد ودعوة الشيخ محمد بـن عبـدالوهاب، تعريب عمر الديسراوى، الطبعة الثانية، مكتبـة مـدبولي، القـاهرة، ١٩٩٧، ص ٦١.

١٨- پـيروز مجتهـد زاده، كشـورهاو مرزهـا در منطقـه ژئوپليتيـك خلـيج فـارس، چـاپ دوم، مؤسسـه چـاپو انتشـارات وزارت امـور خارجـه، تهـران، ١٣٧٣(١٩٩٤)، ص ٢١٨.

١٩- د. ئەسـﻐەر جەعفـەری ولـدانی، ناکۆکیيـەکانی سـنور لـەنێوان عـەرەبستانی سعودیو کوێتدا، وەرگێڕانی محەمەد کـەریم، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی شەشەم، شوباتی ١٩٩٨، ل ٩٣.

٢٠- د. ر. فوبليكوف، تاريخ معاصر كشورهاى عربى، جلد نخست، ترجمه م. ح. شهرى، انتشارات آوا، تهران، ١٣٦٠(١٩٨١)، ص ٢٦١.

٢١- د. ئەسغەر جەعفەری ولدانی، گیروگرفتی سنور لەنێوان عەرەبستانی سعودیو یەمەن، وەرگێڕانی محەمەد کـەریم، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجی، ژمارە ٣، ساڵی شەشەم، ئابی ١٩٩٨، ل ل ٧٣-٧٤.

٢٢- استيون همزلى لانگريك، تاريخ سياسى، اجتماعىو اقتصادى عراق ١٩٠٠-١٩٥٠، ترجمه على درويش، بنياد پژوهشـهاى اسـلامى اسـتان قـدس رضوى، مشهد ١٣٧٦(١٩٩٧)، ص ٢١٦-٢١٧.

٢٣- السيد عبدالرزاق الحسني، تـاريخ العـراق السياسـي الحـديث، الجـزء الاول، الطبعة الرابعة، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٨٠، ص ١٦٨-١٦٩.

٢٤- الدكتورة رجاء حسـين حسـني الخطـاب، عبـدالرحمن النقيـب حياتـه الخاصة واراؤه السياسية وعلاقته بمعاصريه، منشورات المكتبة العالمية، بغداد ، ١٩٨٥، ص ٢٧.

٢٥- البرت م. منتشاشـفيلي، العـراق في سـنوات الانتـداب البريطـاني، ترجمة الدكتور هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعة بغـداد ، بغـداد ، ١٩٧٨، ص ١٧٦.

٢٦- دێڤد کۆرن، ئەو دو کەسەی کوردیان خزاندە ناو عێراقـەوە، گۆڤـاری روانگەی جیهان، ژمارە ٤، ساڵی دوەم، ئایاری ١٩٩٤، ل ل ٢٦-٢٧.

٢٧- د. ر. فوبليكـوف، تـاريخ معاصـر كشـورهاى عربـى، صص ١٧١-١٧٤.

٢٨- قدرى قلعجى، غاندى ابو الهند، دار العلم للملايين، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٥٢، ص ١١٤.

٢٩- فەریـد ئەسەسـەرد، ئینتەرناسـیونالیزمی دینـیو دیـاردەی فـرە نەتەوەیی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٣، ساڵی سێیەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٤، ل ٨٨.

٣٠- زيبا فرزين نيا، ثاكستان، مؤسسه چاپ وانتشارات وزارت امور خارجه، تهران، ١٣٧٦(١٩٩٧)، ص ٢١.

٣١- بسام العسلي، المسلمون علي تخوم الهند، دار البيارق، بيروت، ١٩٩٤، ص ١١١.

٣٢- دكتر سيد محمد رضا جلالي نائينى، هند در يك نگاه، انتشارات شيرازه، تهران، ١٣٧٥(١٩٩٦)، ص ٣١.

٣٣- ستانلى ولبرت، محمد على جناح مؤسس الباكستان، ترجمة الدكتور سهيل زكار، دار قتيبة، دمشق، ١٩٩٨، ص ٤٤٦.

٣٤- سعد هجرس، الطريق المسدود للنموذج الباكستاني، مجلة المنار، العدد ٤٦، تشرين الاول ١٩٨٨، ص ١١٦.

٣٥- لهم بارەيەو بڕوانە:
Tariq Ali, Can Pakistan Survive? The death of a State, Penguin Books, London, 1983.

٣٦- لهم بارەيەوە بڕوانە:
ناهوم سوكولوف، تاريخ صهيونيسم، جلد اول، ترجمه داود حيدرى، مؤسسه فرهنگىو پژوهشى چاپو نشر نظر، تهران، ١٣٧٧(١٩٩٨)، صص ٣٧١-٣٧٧.

٣٧- ناهوم سوكولوف، تاريخ صهيونيسم، ص ٣٨٦.

٣٨- صبري جريس، تاريخ الصهيونية ١٨٦٢-١٩١٧، الجزء الاول، مركز الابحاث في منظمة التحرير الفلسطينية، بيروت، ١٩٧٧، ص ١٦٤.

٣٩- صبرى جريس، تاريخ الصهيونيه ١٨٦٢-١٩١٧، ص ٢٠٨.

٤٠- الدكتور عبدالوهاب الكيالي، الموجز في تاريخ فلسطين الحديث، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧١، ص ٢٥.

٤١- علي كاشف الغطاء، تقسيم فلسطين في الامم المتحدة، دار الشؤون الثقافية العامة في وزارة الثقافية والاعلام، بغداد، ١٩٨٦، ص ٩.

٤٢- آلان د. تايلور، مدخل الى اسرائيل، ترجمة شكري محمود نديم، منشورات مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٦٩، ص ٥٢.

٤٣- ريچى اون ديل، ريشههاى جنگهاى اعرابو اسرائيل، ترجمة ارسطو آذرى، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٦(١٩٩٧)، ص ١١٧.

٤٤- ريچى اون ديل، ريشههاى جنگهاى اعرابو اسرائيل، ص ١٢١.

٤٥- بڕوانە: علي كاشف الغطاء، تقسيم فلسطين في الامم المتحدة، صص ٤٠-٤٦.

٤٦- علي كاشف الغطاء، تقسيم فلسطين في الامم المتحدة، صص ٨٥-٨٦.

٤٧- بهرام افراسيابى، ليبىو تاريخ، انتشارات زرين، تهران، ١٣٦٣(١٩٨٤)، صص ٩٠-١٩١.

٤٨- راشد عبدالله الفرحان، مختصر تاريخ الكويت، مكتبه دار العروبه، القاهره، ١٩٦٠، ص ٣٣-٣٤.

٤٩- يوسف بن عيسى القناعى، صفحات من تاريخ الكويت، الطبعة الرابعة، مطبعة حكومة الكويت، الكويت، ١٩٦٨، ص٩.

٥٠- قدرى قلعجى، اضواء على تاريخ الكويت، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٢، ص ٣٧.

٥١- الدكتور مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي، مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة، البصرة، ١٩٧٥، صص ٤٦-١٢٥.

٥٢- راشد عبدالله الفرحان، مختصر تاريخ الكويت، ص ١٢٢.

٥٣- الدكتور فاضل حسين، محاضرات عن مؤتمر لوزان و آثاره في البلاد العربية، القاهرة، ١٩٥٨، ص ١٧.

٥٤- الدكتور مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي، صص ١٣٣-١٣٤.

٥٥- لەم بارەیەوە بڕوانە:

الدكتور مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي، صص ١٣٨-١٤٢.

٥٦- الدكتور عطا محمد صالح والدكتور فوزي احمد تيم، النظم السياسية العربية المعاصرة، الجزء الاول، المركز العالمي لدراسات وابحاث الكتاب الاخضر، طرابلس(ليبيا)، ١٩٨٥، ص ٣٦٧.

٥٧- محمد مهدي آخوندزاده، تجزيه شبه قاره هند واستقلال بنگلادش، دفتر مطالعات سياسی و بين المللی وابسته بوزارت امور خارجه، تهران، ١٣٦٥(١٩٨٦)، ص ٥٥.

٥٨- استفن پی كوهن، ارتش هند، ترجمه احمد صنعائی، مؤسسه انتشارات امیر كبیر، تهران، ١٣٧٥(١٩٩٦)، صص ٢٨٠ و ٢٩٢.

٥٩- محمد مهدي آخوندزاده، تجزية شبة قارة هند واستقلال بنگلادش، صص ٥٥.

٦٠- هوشنگ پور ائین، ایندیرا از تولد تا ترور، نشر ٦٣، تهران، ١٣٦٣(١٩٨٥)، ص ١١٠.

٦١- د. جهاد صالح العمر وماجد سلمان حسين، حركات التحرير في العالم الثالث، جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٨، صص ٤٥-٦٣.

٦٢- فەرید ئەسەسەرد، شێوەی ئاسیاییی بەرهەم هێنان لەکوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٤، ساڵی شەشەم، تشرینی دووەمی ١٩٩٨، ل ٣٢.

٦٣- دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ل ٧٨-٧٩.

٦٤- نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەپەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٤٧.

٦٥- نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتیی بابان لەنێوان بەرداشی رۆمو عەجەمدا، چاپی دووەم، چاپەمەنیی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٨٤.

٦٦- دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانیی کوردستان، ل ٨١.

٦٧- نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەپەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، ل ١٢١.

٦٨- البرت م. منتشاشفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ص ٣٠٦.

٦٩- السيد عبدالرزاق الحسيني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٨، ص٢٨٠.

٧٠- دكتۆر عەبدولرەحمان قاسملو، كوردستانو كورد، وەرگێرانی عەبدوڵلا حسەن زادە، بەغدا، ١٩٧٣، ل ل ٢٥-٢٦.

٧١- استيون همزلى لانگريك، تاريخ سياسى، اجتماعىو اقتصادى عراق ١٩٠٠-١٩٥٠، ص ٢٦٥.

٧٢- السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، ص ٢٨٢.

٧٣- الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٤، ص ٣٤٢.

٧٤- جەنگيز جاندار، توركياو رێككەوتننامەی ئەوروپا دەربارەی كەمینەكان، وەرگێرانی نەجدەت عەبدولكەریم، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢، ساڵی چوارەم، تەمموزی ١٩٩٥، ل ل ١٠٥-١٠٦.

٧٥- بڕوانە: بهرام افراسيابى، ليبىو تاريخ، صص ٩-٢١.

٧٦- الدكتور عطا محمد صالح والدكتور فوزى احمد تيم، النظم السياسية العربية المعاصرة، ص ٣٦٦.

٧٧- الدكتور مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي، ص ٢٩٩.

٧٨- ج. ج. ساندرز، تاريخ فتوحات مغول، ترجمة ابوالقاسم حالت، چاپ دوم، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٦٣(١٩٨٤)، ص ٢٤.

٧٩- البرت م. منتشاشفيلى، العراق فى سنوات الانتداب البريطاني، ص ٣٢٣.

٨٠- البرت م. منتشاشفيلى، العراق فى سنوات الانتداب البريطاني، ص ٣٣٨.

٨١- لەم بارەیەوە بڕوانە:

فەرید ئەسەسەرد، پەیدابونی سەرمایەو دروست بونی بازاڕی ناوخۆ لەكوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٤، ساڵی حەوتەم، تشرینی دووەمی ١٩٩٩، ل ل ٢٦-٢٨.

٨٢- الدكتور نورالدين حاطوم، تاريخ الحركات القومية، ص ١١١.

٨٣- الدكتور نورالدين حاطوم، تاريخ الحركات القومية، ص ١١٣.

٨٤- بڕوانە: الدكتور نورالدين حاطوم، تاريخ الحركات القومية، صص ١٤٠-١٤١.

85- Charles Schleicher, International Relations: Cooperation and Conflict(Pretice Hall of India, Delhi, 1963), P. 56.

## سەرچاوە

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پەیدابوونی دەوڵەتان: نمونەی زیندو | 15 |
| روسیا | 16 |
| ئیتاڵیا | 18 |
| سربیا | 22 |
| تورکیا | 25 |
| عەرەبستانی سعودی | 27 |
| عیراق | 30 |
| ئوردون | 35 |
| پاکستان | 37 |
| ئیسرائیل | 41 |
| لیبیا | 47 |
| کوێت | 52 |
| بەنگلادیش | 57 |
| ئەرتریا | 60 |
| کوردستان | 63 |
| بیرۆکەی دەوڵەت: شیکردنەوەو بەراودکردنی نمونەکان | 70 |